# ڕوانگەی کۆمەڵناسانی کلاسیك بۆ نەتەوە و پارادایمە سەرەکییەکان سەبارەت بە ڕەگوڕیشەی کورد

**هەورامان فریق کریم [١]، موراد حکیم محمد [٢]**

[١] ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی کۆمەڵناسی، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوە نێوانبوارییە، دەپەرژێتە سەر دوو پرسی گرنگ؛ ڕوانینی کۆمەڵناسی بۆ نەتەوە و ڕوانگە سەرەکییەکان سەبارەت بە ڕەگوڕیشەی کورد. بۆ ئەم مەبەستە، بە دوای وەڵامی دوو پرسیاردا دەگەڕێت: یەکەم، ئەگەر بمانەوێت لە ڕەگوڕیشەی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد تێبگەین، دەبێت لە کوێوە دەست پێبکەین؟ پاشان، بە شێوەیەکی گشتی تیۆر و ڕوانگە سەرەکییەکانی پەیوەست بە چەمکەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم چۆن پۆلێنبەندی کراون و تاچەند ڕەنگدانەوەیان هەبووە لە توێژینەوە کوردییەکانی ئەم بوارەدا؟ توێژینەوەکە دوو ئاڕاستەی گرتووەتە بەر. سەرەتا، لەرێگەی چەمککەلێکی وەك هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی ئەخلاقی، هاوڵاتیبون، ئەقڵانیببونی ڕۆژئاوا و نەتەوە وەك سەرخان، دیدگای کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی بۆ نەتەوە کە بریتین لە کارل مارکس، ئێمیل دۆرکایم، ماکس ڤیبەر و جۆرج زێمیل ڕوون دەکاتەوە. پاشان شەنوکەوی ڕوانگە سەرەکییەکانی تایبەت بە ناسیۆنالیزم و ڕەگوڕیشەی کورد دەکات کە بریتین لە ئەزەلیگەرایی، سازکراوەگەرایی و ئێتنۆ ـ سیمبولیزم. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گەڕان بە دوای ڕەگوڕیشەی کورددا مێژوویەکی نوێی هەیە و دەرەنجامی کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوەکییە. توێژەرانی کوردیش بەسەر ئەم سێ ڕوانگەیەدا دابەش بوون و لە ژێر کاریگەری ئەو دابەشبوونەدا ڕاجیایی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دەرەوەی ئەم سێ ڕوانگە زاڵە، ڕوانگەیەکی دیکە دەکرێت هێدی هێدی جێگەی خۆی بکاتەوە، کە پێی وایە پرسی کورد، دۆخێکی دەگمەن و تایبەتە و ناچێتە ژێرباری پارادایمە زاڵە باوەکانەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** نەتەوە، ناسیۆنالیزم، ئەزەلیگەرایی، سازکراوەگەرایی، ئێتنیکگەرایی.

## ١. پێشەکی

لەم توێژینەوەیەدا بەکورتی تیشك دەخەینە سەر تیۆرەکانی پەیوەست بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم و لەو شوێنانەدا کە بەستەرێك لە نێوان نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزمدا هەیە، ڕادەوەستین. ڕاجیایی سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازی لەسەر ئاستی جیهان و تەنانەت ڕۆژئاواش هەیە. بەڵام ئەوەی یارمەتیدەرە، ئەوەیە کە دەکرێت لە تیۆرەکانی ناسیۆنالیزمدا بەدوای ڕەگوڕیشەکان، ڕەهەندەکان و ڕەگەزەکانی نەتەوەدا بگەڕێین. ئێمە بۆ ئەوەی لە نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە هەرێمی کوردستاندا تێبگەین، دەبێت پێشوەختە لە واتاکانی دوو چەمکەکە، ڕەگوڕیشەیان و پەیوەندیی نێوانیان تێبگەین. نەتەوە و نەتەوەسازی دوو لە چەمکە مۆدێرنەکان و بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیتەن. ئێمە لەم ڕوانگەیەوە سەیری نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکەین؛ نەك ئەزەلیگەرایانە و ئەبەدیگەرایانە بەدوای بنەڕەت و ژانی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بگەڕێین.

لەمڕووەوە، بە کورتەباسێك سەبارەت بە ڕوانگەی کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، بەتایبەت ئێمیل دۆرکایم، ماکس ڤێبەر و جۆرج زیمێل بۆ نەتەوە دەست پێدەکەین. پاشان ڕوانینی مارکس لە تەوەری "مارکسیزم و نەتەوە"دا درێژتر ڕوون دەکەینەوە. گرنگی ئاماژەدان بەم کلاسیکانە ئەوەیە کە هاوچەرخەکانی کۆمەڵناسی و ئەوانەی کە کار لەسەر چەمکە مۆدێرنەکانی وەك نەتەوەسازی و کۆیادەوەری دەکەن، دواجار

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٥ کانوونی یەکەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٢٢ کانوونی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١١ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: hawraman.karim@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ هەورامان فەریق کەریم، موراد حکیم محمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp1-14

میراتگری كلاسیكەكانی كۆمەڵناسین یان بوارەكانی دیكەی زانستە كۆمەڵایەتییەكانن (بۆ نموونە سەرنجی كاریگەریی ئانتۆنیۆ گرامشی بدەن لەسەر تۆم نەیرن (Tom Nairn)، كاریگەری ڤلادیمیر لینین لەسەر مایكل هیچتر، كاریگەری دۆركایم لەسەر ئێرنست گێلنەر و كاریگەری ماكس ڤیبەر لەسەر ئەنتۆنی سمێس؛ یان بۆ نموونە سەبارەت بە چەمكی كۆیادەوەری كە موریس هاڵباكس داهێنەرەكەیەتی، لە ژێر كاریگەری تیۆرەكانی دۆركایمدا پەرژاوەتە سەر ئەم بابەتە). كەواتە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، شیكردنەوەی تیۆرە سەرەكییەكان یان پارادایمە سەرەكییەكانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمە لە لایەك، هەروەها روانینی كلاسیكەكانی كۆمەڵناسی بۆ نەتەوە لەلایەكیترەوە.

## ٢. روانگەی كۆمەڵناسیی بۆ نەتەوە

لە روانگەی ئەنتۆنی دی سمێسەوە، لە بنەڕەتدا تیۆرەكانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەگەڵ سێ پرسدا دەستوپەنجە نەرم دەكەن. یەكەمیان پرسی ئەخلاقی و فەلسەفییە؛ دووەم، پرسی ئیتنۆگرافی و سیاسی؛ و سێیەم پرسی مێژوویی و كۆمەڵناسی. سەبارەت بە پرسی یەكەم، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ كە ئایا نەتەوە خۆی بۆ خۆی ئامانجە، بەهایەكی رەهایە وەك بەهاكانی دیكە یان پرسێكی تایبەتتر لەوانە؟ بۆ پرسی دووەم، پێناسەی كۆمەڵایەتیبوونی نەتەوە دەورووژێنێت. پەیوەندیی تاك و كۆمەڵ لەم نێوەندەدا چ جۆرە پەیوەندییەكە؟ ئایا نەتەوە لە بنچینەدا تایبەتمەندییەكی ئێتنیكی - كولتووری هەیە و كۆمەڵگەیەكی لەسەر بنەمای رەچەڵەكە كە پێكەوە لە نێو بازنەگەلی خزمایەتی، مێژوو و زمانی هاوبەشدا پێكەوە بەستراونەتەوە، یان گرووپی گەورەی سیاسی و كۆمەڵایەتین كە لەسەر بنەمای نیشتیمان و گیرسانەوەی هاوبەش، مافی هاوڵاتیبوون و یاسا نەریتییەكانە كە تاكەكان ئازادانە بڕیار دەدەن پەیوەندی پێوە بكەن. پرسی سێیەم، كە هەم مێژووییە، هەم كۆمەڵناسی، پەیوەندی بە شوێنگەی نەتەوەوە هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا(دی اسمیت، ٢٠١٢: ٣١).

لێرەوە مشتومڕەكە لەسەر ئەوەی كە ئایا نەتەوە كۆمەڵێكی دێرینە، هەر هەبووە و لە قۆناغگەلی جیاوازدا گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە یان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی، سازكراوەیە (construct) و بەرهەمی سەردەمێكی دیاریكراوە، توندتر دەبێت. مشتومڕەكە لەبنەڕەتدا مێژوویەكی درێژتر لە پەیدابوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی بەواتا مۆدێرنەكەی هەیە. مێژوویەك كە لانیكەم لە سەرهەڵدانی سەردەمی رۆشنگەری، شۆڕشی فەرەنسی و پیشەسازییەوە تا هەنووكە درێژەی هەیە.

كلاسیكەكانی كۆمەڵناسی، بەتایبەت جۆرج زیمێل و ئێمیل دۆركایم و ماكس ڤیبەر وەك بابەتی لاوەكی سەرنجیان لەسەر پرسی نەتەوە چڕ كردووەتەوە. بۆ نموونە بەڵگە دەهێنرێتەوە كە لە سەرلەبەری كتێبی سەرمایەی ماركسدا باسێك سەبارەت بە ناسیۆنالیزم نادۆزینەوە(لونە، ٢٠١٢: ٧٣٢). ئەنتۆنی گیدنز هەڵبەت هۆكاری ئەم بابەتە بۆ دوورەپەرێزی دۆخی ئەكادیمیی "كۆمەڵناس" لە "زانستە سیاسییەكان" دەگەڕێنێتەوە(گیدنز، ٢٠٠٦: ١٧٨). هۆكاری دیكە رەنگە ئەوە بووبێت كە بەهاتنی سەردەمی مۆدێرنە و ئەو بزووتنەوە و هێزە بان - نەتەوەییانە كە باڵیان بەسەر جیهاندا كێشا، پێشبینی ئەوەیان كردبێت كە ناسیۆنالیزمیش وەك رێباز و ئایدیۆلۆجیاكانی دیكە لە بەرامبەر سەرمایەداری و مۆدێرنیتەدا [ماركس گوتەنی]دەبێت بە هەڵم و دەچێت بەهەوادا (Berman, 1982: 15). یان وەك دواتر دەپەرژێینە سەری، لەو دەمەدا كە هێندی هێندی رێبازی ناسیۆنالیزم شوێنپێی خۆی قایم دەكرد، رێبازەكانی دیكەی وەك ماركسیزم بەوپەڕی هێزەوە لە مەیدانەكەدا ئامادەییان هەبووە. هۆكاری كۆتاییش ئەو ئاڵۆزی و تێكەڵییە بووە لە نێوان چەمكەكانی وەك رەچەڵەك، نەتەوە، ئێتنیسیتە و كۆمەڵگەدا لە زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا.

## ٣. ئێمیل دۆركایم (١٩١٧-١٨٥٨)

كۆمەڵناسیی دۆركایمی كەمتر پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، مەگەر لەڕووی ئەخلاقییەوە و پەیوەست بە زانستە كۆمەڵایەتییەكانەوە. دۆركایم یەكێكە لە لایەنگرانی شیرازەی كۆمەڵایەتی (Social order)، لە بەرامبەر گۆڕانكاریی ڕیشەییدا. ئەو زیاتر وەك ریفۆرمخوازێك رۆڵ دەبینێت. بۆیە ئاساییە كە لە بەرامبەر دەرهاویشتەكانی مۆدێرنیتە، نۆرمپشێوی(anomie)، تاكگەرایی و ناسیۆنالیزمی توندڕەودا لە خەمی ئەخلاق و شیرازەی كۆمەڵایەتیدا بێت. هەوڵی دۆركایم لە رێگەی خستنەڕووی ئەخلاقێك بۆ كۆمەڵگەی نەتەوەیی و پەرەپێدانی كۆمەڵناسیی كردەیی، خستنەڕووی راڤەیەكی زانستیی پتەو لە دیاردە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان بوو.

ئەو تێگەیشت كە بۆ ئەوەی زانست سوودێكی هەبێت، دەبێت بۆ پەرژانەسەر پرسە كۆمەڵایەتییەكانی وەك رۆڵی ئایین، ناسیۆنالیزم، تاكگەرایی و جۆری رژێمە سیاسییەكان بەكار بهێنرێت. مێرگی لە نوێترین توێژینەوەدا ئاماژە بەوە دەكات كە نەتەوە و ناسیۆنالیزم دیاردەگەلی كۆمەڵایەتیی جیانەبووەوەی رێكخستنی سیاسی و ژیانی كۆمەڵایەتی دۆركایمین. دۆركایمییەكان پرسی نەتەوەیی لە دەلاقەی پەیوەندییە جۆراوجۆرەكانی وەك رەچەڵەك و ئێتنیسیتە، خوێندنی مەدەنی و ئەخلاقی، دروشمەكان و سیمبولە نەتەوەییەكان، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و یەكڕیزییەوە دەبینن(Mergy, 2004: 5). دۆركایم نەتەوەی بە جۆرێك لە كۆمەڵگەی سیاسیی، بەرهەمی واقعی كۆمەڵایەتی ناوزەد دەكرد، بە چەشنێك كە كۆمەڵگەی سیاسی خاوەنی نەتەوەی خۆیەتی.

ئەوەی لە زۆربەی بەرهەمەكانی دۆركایمدا جەختی لەسەر دەكرێتەوە چەمكی كۆ یان هاوبەشە (collective)ە. ئایینی هاوبەش، دروشم، كۆبوونەوە، رێورەسم و سیمبولی هاوبەش. بەڵام بۆچوونەكانی سەبارەت بە ناسیۆنالیزم دەكرێت بەتایبەت لەو بەرهەمانەدا هەڵێنجان بكرێن كە سەبارەت بە ئایین و كۆوێژدان نووسیونی. لە سەرەتاوە بە هۆی كۆمەڵێك رووداوی وەك رووداوی دریفۆسەوە[1]، ناسیۆنالیزمی سەركۆنە كرد. بەڵام لە دوو لایەنەوە بەرهەمەكانی ئەم كاریگەرییەكی گەورەیان لەسەر تیۆرە هاوچەرخەكانی ناسیۆنالیزم و بەتایبەت پارادایمی مۆدێرنیستی دانا. یەكەم

[1] - رسواییەكی سیاسیی بوو كە كۆماری سێیەمی فەرەنسای لە ساڵی ١٨٩٤ تا كۆتایی رووداوەكە لە ساڵی ١٩٠٦، بەخۆوە سەرقاڵ كرد.

شرۆڤەی ئەو سەبارەت بە ئایین وەك كرۆكی كۆمەڵگەی ئەخلاقی و ئەوەیكە شتێكی ئەزەلی لە نێو ئایینیدا بوونی هەیە چونكە هەموو كۆمەڵگەكان هەست بەو پێویستییە دەكەن كە بە شێوەیەكی بازنەیی لە ڕێگەی دروشمەكان و مەراسیمە بەكۆمەڵەكانەوە خۆیان ساز بكەنەوە و دانی پێدابنێنەوە(اوزكریملی، ٢٠٠٤: ٥٠).

هەر لە دەستپێكی كتێبی "دەربارەی كاردابەشكردنی كۆمەڵایەتی"دا لە ڕێگەی پەیوەندییەكانی نێو گرووپە پیشەییەكانەوە هاوبەستەیی گرووپەكان ڕوون دەكاتەوە. باس لە گرنگی مەزارگە و گۆڕستانە بەكۆمەڵەكان و ڕۆڵیان دەكات. تەنانەت كێلی قەبرەكان كە چەندە هۆكاری هاوبەستەیی گرووپەكانە. لەمانەش گرنگتر چەمكی هاوبەستەیی میكانیكی و ئۆرگانیكی دەكاتە دەستكەلا بۆ شرۆڤەی یەكڕیزی، تەبایی، مانەوە و سەقامگیری و دژ بە بێسەروبەریی كۆمەڵگە. ئەو دەنووسێت "لە هەر جێگەیەك هاوبەستەیی كۆمەڵایەتی بەهێز بێن فاكتەرێكی بەهێز دەبێت بۆ نزیككردنەوەی تاكەكان لەیەكتر و زیاتركردنی دەرفەتەكانی پەیوەندییان(دوركیم، ٢٠١١: ٦٤).

لەڕوانگەی دۆركایمەوە كاری سەرەكی كۆمەڵناس، توێژینەوەی هاوبەستەیی كۆمەڵایەتییە. هاوبەستەی میكانیكی و ئۆرگانیكی لەیەك جیادەكاتەوە. میكانیكی لە كۆمەڵگەیەكدا باوە كە بیر و ئاڕاستە هاوبەشەكانی ئەندامەكانی كۆمەڵگە لەڕووی چەندییەتی و گرۆتینەوە لە بیر و ئاڕاستە تاكەكەسییەكان ئەندامەكانی زیاتر بن. هاوبەستەیی لە ئەنجامی چوونییەكی، كاتێك دەگاتە لووتكە كە ویژدانی تاكەكەسیی یەكەیەكەی ئەندامەكان هاوشان لەگەڵ كۆویژداندا پەروەردە ببێت. بەڵام هاوبەستەیی ئۆرگانیكی لە ئەنجامی جیاوازییەكانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرهەمی كاردابەشكردنە (كۆزەر، ٢٠٢٠: ١٠٤-١٠٥). ئەو لە كتێبی "فۆرمە سەرەتاییەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیدا" دەپەرژێتە سەر ئەو دیاردەیە.

ئەمجارە لە ڕێگەی یادەوەرییەكانی ڕابردووەوە، پەیوەندی كۆمەڵگە و ئایین ڕوون دەكاتەوە. باس لە كەمبوونەوەی كاریگەریی ڕێوڕەسم و جەژن و بۆنەكان دەكات كە ئیدی وەك سەردەمی باوباپیران جۆش و خرۆشیان تێدا ناوروژێنن. بەواتایەكی تر خودایانی كۆن پیر بوون و خوداگەلێكی دیكە هێشتا نەهاتوون. ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەكات كە هیچ كۆمەڵگەیەكی مرۆیی بوونی نییە كە هەست بە پێویستی پاراستن و چەسپاندنی دووبارەی هەستەكان و هزرگەلێكی هاوبەش كە یەكڕیزی و كارەكتەری ئەو پێكدەهێنن نەكات. ڕوونیشە كە ئەم جۆرە لە دروستكردنەوە ئەخلاقییە نایەتە دی مەگەر بە یارمەتی كۆڕو كۆبوونەوەكان، سازكردنی فستیڤاڵ و كۆنگرەكان كە تاكەكان لە ڕێگەیانەوە لەیەك نزیك دەبنەوە، هەستە هاوبەشەكانیان سەرلەنوێ نوێ دەكەنەوە و دەچەسپێنن؛ و ئەو ئەنجامانەی كە لێی دەكەوێتەوە هیچ جیاوازییەكی سروشتیی نییە لەگەڵ مەراسیمە ئایینییەكاندا (دوركیم، ٢٠٠٥: ٥٩٢).

سەبارەت بە نەتەوە، كۆمەڵگەی نەتەوەیی لە دیدی دۆركایمەوە هەرگیز جۆرێك ڕەچەڵەكی بۆماوە یان ئیمپراتۆرییەتێكی بەزۆر سەپێنراو نییە، بەڵكو یەكگرتووییەكە كە چییەتییەكی كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەیە و یەك یان چەن گرووپی ئیتنیكی وەك دەرهاوێشەی مێژوو و كولتوور لەگەڵ نەریتەكان و دروشمە هاوبەشەكان لە خۆ دەگرێت (Mergy, 2004:9).

بەكورتی دۆركایم جگە لەوەی كە كۆمەڵگەی نەتەوەیی بە واقعییەتی كۆمەڵایەتی و كۆمەڵگەیەكی سیاسی پێناسە دەكرد، پێیوابوو كە نەتەوە دەكرێت وەك ئایدیا، وەك دروشم و بەهای ئەخلاقی هەڵێنجان بكرێت. نەتەوە یەكەیەكی ئەخلاقییە لە ڕێگەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانەوە بەدی دێت كە لە ڕێگەی دامەزراندن و كاركردەكانی دامەزراوەكانەوە بیچم دەگرێت. بەتایبەت ئەخلاقێكی مەدەنی هاوبەش، دامەزراوەیەكی دروستكەری چارەنووسسازی نەتەوە وەك فۆرمێكی نەتەوەیی و مۆدێرنی كۆمەڵگەی سیاسی(Mergy, 2004:11). دۆركایم بۆ ئەوەی پەی بە دژیەكی نێوان نیشتیمانپەرستی (patriotism) و جیهان ـ نیشتیمانی (cosmopolitism) ببات، لەڕووی سەردەمەوە جیاوازی دەكات لە نێوان سەردەمی كۆن و نوێدا. لە كۆندا هیچ شتێك بانتر لە دەوڵەت و گەورەیی و شكۆی دەوڵەت نەبوو. بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئێمە هەرچەندە وابەستەی نیشتیمانەكەمان بین، بەڵام هەست دەكەین كە بانتر لە هێزە نەتەوەییەكان هێزگەلێكی نوێ بوونیان هەیە (دوركم، ٢٠١٢: ١٣٨).

نیشتیمانپەرستی ئەگەر بیركردنەوە و هەستگەلێك بێت كە تاك بە دەوڵەتێكی دیاریكراوەوە دەبەستێتەوە، ئەگەر ئەو دەوڵەتە لاواز بێت، كێ دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت. لێرەوە تاكە ڕێگە ئاشتكردنەوەی ئایدیالی نەتەوەیی و ئایدیالی مرۆیی لە ڕێگەی دەوڵەتەوە كاتێكە كە دەوڵەت خۆی بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی تەرخان بكات نەك قەڵەوكردنی خۆی و سنوورەكانی. ئەندامانی كۆمەڵگە بۆ ژیانی ئەخلاقی بانگهێشت بكات. ئەوەی ئەم دژییەكییە چارەسەر دەكات، ئەوەیە كە ئاڕاستەی نیشتیمانپەرستی ئەوە بێت كە ببێت بە بەشێكی بچووك لە جیهان ـ نیشتیمانی.

بە گەڕانەوە بۆ دۆركایم پەی بە یەكێكیتر لە چەمكە هەرە سەرەكییەكانی پەیوەست بە نەتەوەسازی دەبەین كە ئەویش هاوڵاتیبونە. دۆركایم لە چاوی كۆمەڵگەی فەڕەنسییەوە سەیری چەمكەكانی یەكسانی و دادپەروەری دەكرد و پێی وابوو كە بەشداری هاوڵاتیان لە سیستمێكی لائیكدا كە هیچ گرووپێكی كۆمەڵگە تێیدا باڵادەست نییە دەتوانێت ڕێگە لە نۆرمپشێوی بگرێت. ئەو جەختی لەسەر سێ بەهای سەرەكی دەكردەوە كە بریتین لە خێزان، قوتابخانە و دەوڵەت. ئەمانە هەم وەك چالاكی، هەم ناسنامە، دەبوونە هۆی ئەوەی كە دۆركایم نەتەوە بە جۆرێك لە كۆمەڵگەی ڕێكخراو ناوزەد بكات. بۆ ئێمە چەمكی هاوڵاتیبوون بۆیە گرنگە، چونكە لە حاڵەتی گواستنەوە لە كۆمەڵگەی نەریتییەوە بۆ مۆدێرن، واتە لە هاوبەستەیی میكانیكییەوە بۆ ئۆرگانیكی، پەیوەندییە خوێنییەكان لەسەر بنەمای خوێن و ڕەچەڵەك شوێنیان بە جۆرێك پەیوەندی دەدەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێویستیی هاوبەش. واتە لە جۆری دووەمدایە كە پەیوەندییەكە لەسەر بنەمای هوشیاری و تێگەیشتنی تاكەكانی كۆمەڵگەیە.

## ٤. جۆرج زیمێل (١٩١٨-١٨٥٧)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp1-14

ئەوەی پەیوەندی بە زیمێلەوە هەیە ئەوەیە کە ئەو وردتر سەبارەت بە ئێتنیسیتە (Ethnicity) بیری کردووەتەوە. وردتر نەك بەو واتایەی کە بەڕوونی پەنجەی لەسەر بابەتی نەتەوە و ئێتنیسیتە داناوە، بەڵکو وردتر بەواتای ورد (میکرۆ). ئەو لە سێ لایەنەوە پەرژاوەتە سەر پەیوەندییە ئێتنیکییەکان: یەکەم، ئێتنیسیتە وەك فۆڕمێك لە پرۆسەی هاوڕەفتاری؛ دووەم، چییەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی و (ئێتنیکی)؛ و سێیەم لەناچوونی ئێتنیسیتە بە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتییەوە (Malešević, 2004:21). ئەو ئێتنیسیتە بە بەرهەمی مامەڵە و پەیوەندی ئەندامانی گرووپ و کۆمەڵگە دەزانێت. هەتا قەبارەی گرووپ گەورەتر بێت، هەتا کەسانی نامۆ لە گرووپەکەدا زیاتر بن، کاریگەریی لەسەر کاڵبوونەوەی گونجانی نێوخۆیی زیاتر دەبێت. ئەو جەخت لەسەر گرنگیی هەبوونی لانیکەمی بەهاکان دەکاتەوە. هەروەها بە گرنگییەوە دەڕوانێتە ڕەهەندی شوێنیی و کۆمەڵایەتی. لە دیدی ئەوەوە گرووپەکان زۆرجار بە هۆی نیشتیمانێکی دیاریکراوەوە ناسنامەی خۆیان بەدەست دەهێنن.

ناسنامە و سنوور پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە. ئەو باس لە گرنگیی پاراستنی سنوورەکان دەکات لە پەرەپێدان و بتەوکردنی ناسنامە گرووپییەکاندا. سنوورە شوێنییەکان، هێزگەلێکی کۆمەڵایەتی بەهێزن بەو واتایەی کە سنوور واقعییەتێکی شوێنیی نییە کە خاوەنی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بێت، بەڵکو واقعییەتێکی کۆمەڵایەتییە کە شێوەی شوێنیی بەخۆوە گرتووە. سنوورەکان هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دووری و نزیکیی گرووپەکان لەیەکەوە دیاری دەکەن. ئەمە زیاتر بە لای ئەو کەسانەوە واتادارە کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە "ئێمە" ەوە نزیکن. زیمێل جیاواز لە دۆرکایم سەیری کۆمەڵگەی نەریتیی دەکات. ئەو باس لە بەهێزیی هاوبەستەیی ئۆرگانیکی و پەیوەندی نێوان تاکەکان دەکات لە کۆمەڵە سەرەتاییە بچووکە نەریتییەکاندا. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی مۆدێرن بە پەیوەندییە گرووپییە لاواز و تاکگەراییە پرشوبڵاوەکەی دەناسرێتەوە. ئەو گرووپە ئێتنیکییانەی کە هاوبەستەییەکی بەهێزتریان هەیە، تایبەتمەندییەکی زیاتر لە ئاست دەرەوەی خۆیان نیشان دەدەن، چونکە ئەندامەکانیان زیاتر لەیەك دەچن و تاکگەراییان تێدا لاوازترە. لێرەوە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا تاکەکان هێدی هێدی بەرەو جۆرێك لە زەینی جیهان نیشتیمانی (کۆزمۆپۆلیتانی) پەلکێش دەکرێن کە زۆر تاکگەرایانە و لێکدابڕاون.

## ٥. ماکس ڤێبەر(١٨٦٤-١٩٢٠)

هەرچی بیرکردنەوەی ڤێبەرە سەبارەت بە نەتەوە و دەوڵەت، بەدەوری ئەم پرسیارەدا دەسوڕێتەوە کە کام لە هۆکار کۆمەڵایەتییەکان، ئەقڵانیبوونی شارستانییەتی ڕۆژئاوایان بەرهەم هێناوە. ئێمە چەمککگەلێکی گرنگی وەك جۆرەکانی دەسەڵات، بیرۆکراسییەت و هاوڵاتیبوون لە بۆچوونەکانی ڤیبەرەوە وەردەگرین بۆ ئەوەی ببنە بەرچاوڕوونی زیاترمان لە تێگەیشتن لە کورد و بونیادەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. بۆ توێژەرانی ئەم باسە تێگەیشتن لە جۆرەکانی دەسەڵات لای ڤێبەر گرنگن، بۆ نموونە تێگەیشتن لە جۆرەکانی دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ڕۆڵی سەرکردە و سیمبولە نەتەوەییەکان و کاریگەرییان لە زۆر لایەنی وەك ناسنامەی نەتەوەیی و یەکڕیزی. یان کاتێك ئێمە جەخت لەسەر نەتەوەسازیی دەکەینەوە لە هەرێمی کوردستاندا، دەبێت بزانین کە یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەسازی هەبوونی بیرۆکراسییەتە لە بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدا.

هەندێك لایەنی بەرهەمەکانی ڤێبەر زۆرترین کاریگەرییان لەسەر تیۆرەکانی دواتری بواری ناسیۆنالیزم هەبووە بریتین لەمانە: گرنگی یادەوەرییە سیاسیەکان، ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە پاراستنی "بەها کولتورییە بێهاوتاکانی" نەتەوە و گرنگیی نەتەوە ـ دەوڵەتەکان لە سەرهەڵدانی خەسڵەتی تایبەتیی ڕۆژئاوای مۆدێرندا. بەڵام ئەوەی شێوازی شرۆڤەکەی ئەو دیاری دەکات جەختکردنەوەی ئەوە لەسەر کردەی سیاسی، هەم لە بیچمگرتنی گرووپە ئێتنیکییەکاندا و هەم بەتایبەت لە پەرەپێدانی نەتەوە مۆدێرنەکاندا (دی اسمیت، ٢٠١٢: ٤٠). تێگەیشتن لەم ڕەهەندە بەبێ گەڕانەوە بۆ تێزەکانی سەبارەت بە دەسەڵات، دیموکراسی و بیرۆکراسی ئەستەمە. ئەو هێندە خۆی هەستی بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەی ئەڵمان دەکرد کە تیۆدۆر مۆمسێن، ڕاڤەکاری بەرهەمەکانی ڤێبەر سەردەمێك ئەوی بە ناسیۆنالیست ناوزەد کردبوو. سەرنجی ئەو لەسەر نەتەوە زیاتر بۆ پرسی پەیوەندییە ڕەچەڵەکییەکان دەگەڕێتەوە. ئەوکاتەی کە لە ژێر کاریگەریی ڕای گشتی ئەڵمانەکاندا ئەو بابەتەی ورووژاند کە جووەکان بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئەڵمان بن دەبێت واز لە جووبوونی خۆیان بهێنن (دیلینی، ٢٠١٢: ٢١٩).

بە پشتبەستن بە ئایدیال تایپەکانی (ideal types) خۆی کە وەك پێوانەیەك و بنەمایەکی شیکاریی بەکاری دەهێنان، سێ جۆر لە دەسەڵات یان شێوازی شەرعییەت لەیەکتری جیا دەکاتەوە. جۆرێکیان ئەقڵانیی ـ یاساییە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەژمار دەکرێت و لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنە. دووەم، دەسەڵاتی نەریتییە کە بۆماوەیە، یان لە سەرچاوەیەکی دەسەڵاتی باڵاتر و لەسەر بنەمای دەسەڵاتی لە مێژینە و ڕەگوڕیشەدا وەستاوە. پاشان دەسەڵاتی کاریزمایی(بندیکس، ٢٠٠٩: ٣٢٧؛ کۆزەر، ٢٠٢٠: ١٥٣ ).

لە دیدی ڤێبەرەوە بیرۆکراسی تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمەڵگەی دامەزراوەیی و مۆدێرنە. ئەو هەڵبەت دانی بەوەدا دەنا کە جیهان بەرەو ئەقڵانیبون و بیرۆکراسیبوون دەڕوات، بەڵام ڕوانینێکی ئەرێنیی سەبارەت بە بیرۆکراسی نەبوو و پاڵپشتیی لە سیستمی دیموکراسی دەکرد. لەو گۆشەنیگایەوە، دیموکراسی بە سیستمێکی سیاسی دەگوترێت کە تیایدا خەڵك بە بەشداریکەر لە سیستمێکی حکومەتیدا جسێبیان بۆ دەکرێت و نەك کەسانیکی ناچالاك و کلیلی چەمکی بەشداریکردنیش تێگەیشتنە لە واتای هاوڵاتیبوون (کیڤیستۆ، ٢٠٢٢: ١٤٠).

سەبارەت بە چەمکی نەتەوە، دوو پێناسەی گرنگی ڤێبەر شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنن. لە یەکێکیاندا دەنووسێت: نەتەوە کۆمەڵێکە، لەسەر بنەمای هەست و سۆزەکان ڕاوەستاوە کە بە ئەندازەی پێویست خۆی لە دەوڵەتێکدا دەنوێنێت کە هی خۆیەتی؛ کەواتە، نەتەوە کۆمەڵێکە کە بە شێوەی ئاسایی ئامادەی ئەوەیە کە دەوڵەتێکی لێ پێك بهێنرێت (Weber, 1948: 176). هەروەها کۆمەڵێکی کولتوورییە کە بە هۆی پەیوەندییە بەهێزەکانی زمان، جۆش و خرۆش و هەستی ئەخلاقییەوە کە

لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە دەگوازرێتەوە پێکەوە بەستراوە (پارکین، ٢٠١٠: ١٠٢). هەڵبەت نە زمانی هاوبەش، نە هاوبەستەیی "نەتەوەیی" و نە یادەوەریی یەکگرتوویی سیاسیی، پێویستیی ڕەها و مەرجی یەکلاکەرەوەی نەتەوەسازی نین. هەروەك چۆن هاوبەستەیی ئێتنیکی بەتەنیا نابێتە هۆی دروستبوونی نەتەوە، بەڵکو زیاتر لە هەموو ئەمانە لەوانەیە یەکگرتوویی نەتەوەیی بە یادەوەرییەکانی پەیوەست بە چارەنووسی سیاسیی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانیترەوە ببەسترێتەوە. بۆیە پێویست ناکات هاوبەستەیی "نەتەوەیی" لەسەر بنەمای خوێن ڕاوەستا بێت. ڤێبەر پێیوایە کە ئەو هۆکارانەی وادەکەن کۆمەڵێك لە تاکەکان بە نەتەوە بزانین، زۆر جیاوازن (وێبر، ٢٠١٠: ١٩٨-٢٠١). تایبەتمەندییەکان چەسپاو نین. بەڵام ئەو جەخت لەسەر هەبوونی دەوڵەت دەکاتەوە و پێی وایە کە نەتەوە کۆمەڵێکە کە زۆرجار دەوڵەتێك بۆ خۆی دروست دەکات. دەوڵەتیش پێویستە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سنوورەکانی کۆمەڵی کولتووریی و یەکڕیزیی نێوخۆیی لە بەرامبەر هێرشی دراوسێکانی بکات. بۆ ئەوەش دەبێت سەرەتا نەتەوەکان ببن بە دەوڵەت. ئەو جگە لەوە جەخت لەسەر تایبەتمەندی نیشتمان دەکاتەوە. پێیوایە هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسیی بەهێز ئارەزووی بەلای زیادکردنی هێز و هەژموونی خۆیدا هەیە. نەتەوە لە ڕوانگەی ئەوەوە تەنیا دیاردەیەکی بەرجەستە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی زەینیشە. واتە لە شوێنێکدا بوونی هەیە کە خەڵك باوەڕیان وایە کە هەموویان یەکێکن یان لە شوێنێدا کە خەڵکی هەست بکەن پەیوەستن بە کۆمەڵێکەوە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ڕەنگی داوەتەوە (بیتهام، ٢٠١٣: ٢٠١).

## ٦. مارکسیزم و نەتەوە

لە ڕووی تیۆرییەوە نە کارل مارکس و ئەنگلز، نە برۆنۆ باوئەر و ستالینیش هەوڵیان نەدا تیۆرێك یان مۆدێلێك بۆ نەتەوە و نەتەوەگەرایی بخەنەڕوو. بەڵام تویژەرانی بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزم توانیویانە باسوخواستی تایبەت بە نەتەوە و ئێتنیسیتە لە تێزەکانیاندا هەڵێنجان بکەن. ئەوەی گرنگە خاڵی هاوبەشی تێزەکانیانە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین و سەرنجی زیاتر لەسەر بۆچوونەکانی مارکس چڕ دەکەینەوە.

ڕەنگە جێی سەرسوڕمان بێت ئەگەر بڵێین پرسی نەتەوە بۆ مارکس جێگەی ڕامان و قسەلەسەرکردن نەبووە. بەڕادەیەك کە لە هەندێك هەڵوێستیدا شارستانییەتەکانی هند و چینی بە بێبەها زانیوە و سەبارەت بە ڕۆژهەڵات نووسیویەتی کە جگە لە ئایین و تاعوون شتێکی بە ئێمە نەبەخشیوە. ئەمە بۆ لینینیش لەسەرەتاوە تا کۆنگرەی دووەمی حزب هەر وابووە. هەرچەندە ساڵانێك پاش کۆنگرە کێشەی لەگەڵ بنەمای مافی چارەی خۆنووسیندا نەبووە، بەڵام ئاماژەی بەوە کردووە کە "جیاوازی لە ڕەچەڵەك، خوێندەواریی یان پیشە و هەڵبەت نەتەوەش دەبێت بەلای حزبەوە بێبایەخ بێت. دەبێت هەمووان ڕەنگدانەوەی ڕۆحی پاڵفتەی حزب بن و تەواو". هێدی هێدی بە تەشەنەکردنی ناسیۆنالیزم و چالاکییەکانی ئەو ئێتنیکانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسدا بوون، حەزی لینین بۆ پرسە نەتەوەییەکان ورووژا و لە هەڵوێستەکانیدا هەمیشە داوای لە حزب دەکرد کە ستەمی نەتەوەیی سەرکۆنە بکات و بیکاتە دەستکەلا بۆ ڕووخاندنی دیکاتۆرییەت. بەڵام هیچکات وازی لەو بۆچوونە نەهێناوە کە بەرژەوەندییەکانی سۆسیالیزم لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان باڵاترن (Lenin, 1977: 449).

سۆسیال دیموکراتەکانی ناو حزبیش هەرچەندە جەختیان لەسەر مافی چارەی چینی پرۆلیتاریای نێو هەر نەتەوەیەك و خۆبەڕێوەبەریی کولتووری دەکردەوە، بەڵام هەرگیز بنەمای مافی چارەی خۆنووسینیان پەسەند نەدەکرد. لێرەوە بەئاشکرا دەردەکەوێت کە بۆ مارکسیزم پرسی نەتەوە و ئێتنیسیتە ئاریشەیەکی بەردەوام و چارەسەرنەکراوی تیۆری و دژوارییەکی کردەیی بۆ بزوتنە سۆسیالیستییەکان بووە. چونکە یەکە ئێتنیکییەکان هەمیشە لەسەر بنەمای ڕێساگەلێکی جیا لە ڕێسا چینایەتییەکان دابەش بوون و نەتەوەش لە ڕووی مێژووییەوە یەکەیەك بووە کە بانتر لە چین بیچمی گرتووە. دەی کەواتە چۆن دەبوو کە دیدگایەکی تەواو چینایەتی لەگەڵ بنەمای بەفەرمیناسینی مافی نەتەوەکاندا بۆ سەربەخۆ تێکەڵ بکرێت (کۆلاکۆفسکی، ٢٠٠٦: ١٠٤-١٠٥)

مارکس لە ژێر کاریگەری کەلەپووری ڕۆمانتیکی ئەڵمانی و هیگڵیدا بوو کە جەختی لەسەر گرنگیی زمان و مێژووی سیاسی لە دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەکان و ناکۆکییەکانیدا لەگەڵ نەتەوە بچووك، بێمێژوو و دواکەوتووەکاندا دەکردەوە. پەیڕەوانیشی ڕێگای مارکسیان لە بەکەمسەیرکردنی "نەتەوە دواکەوتووەکان" بەرنەداوە و سەربەخۆیی مێژووی و کۆمەڵناسیی تایبەتیان دەدایە پاڵ چەمکی نەتەوە (دی اسمیت، ٢٠١٢: ٣٥). مارکس لە نووسینەکانیدا سەبارەت بە جووەکان و ڕۆڵی کۆچبەرە ئێرلەندییەکانی بەریتانیا، نەتەوە و ئێتنیسیتە وەك هەموو دیاردە و بەرهەمەکانی دیکە بە پەیوەندی نێوان سەرخان و ژێرخانی ئابوورییە دەبەستەوە. ژێرخانی ئابووری بنەمای گۆڕانکاری و بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانە. ئەگەر بیرکردنەوەی ئێتنیکی و نەتەوەییش بچنە خانەی کولتوور وەك "سەرخان"ەوە، کەواتە ململانێ ئێتنیکییەکانیش ڕەگوڕیشەیەکی ئابووریان هەیە و چییەتیی بەرهەمی سەرمایەداری ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت. سەرنجی مارکس لەسەر ئێتنیسیتە بوو و جەختی لەسەر ململانێیی چینایەتی و پەرەپێدانی سەرمایەداری دەکردەوە.

لە کۆتاییدا دەکرێت کرۆکی تیۆرەکەی مارکس لەمبارەیەوە لە سێ خاڵدا کورت بکەینەوە: لەپێشتربوونی ژێرخانی ئابوری لەچاو سەرخانی کولتووری؛ تایبەتگەرایی ئێتنیکی وەك ڕێگرێك لەبەرامبەر پێشکەوتنی جیهانیی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی؛ و زاڵبوونی مێژوویی ململانێیی چینایەتی بەسەر ناسنامەی ئێتنیکیدا (Malešević, 2004: 14). دروستە کە مارکس و ئەنگلز داوای کۆمەڵگەی بێچین و دەوڵەتیان دەکرد، بەڵام هەردووکیان بە قووڵیی ئەوروپاسەنتر بوون و لە هەندێك حاڵەتدا پشتیوانیان لە پەیامی شارستانیەتسازیی کۆلۆنیاڵی ئەوروپی دەکرد. باوەڕیان وابوو کە دەبێت ئەو گرووپە نەتەوەییانەی کە توانای ئەوەیان نییە وڵاتی خۆبەڕێوەبەر و چالاك دروست بکەن، ڕێگە بدرێت لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار نەمێنن یان لە یەکە گەورەترەکاندا بتوێنەوە.. [بەواتایەك مەبەستیان نەتەوەسازی بوو]، لە ڕوانگەی هەردووکیانەوە وڵاتی نەتەوەیی مۆدێرن دەرهاویشتەی پرۆسەیەك بوو کە تیایدا بەرهەمی سەرمایەداری بوو بوویە جێگرەوەی سیستمی پاشایەتی. گواستنەوە بەرەو

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp1-14

ئابوریی بازاڕ، وڵاتانی ناچار دەکرد کە زمانی یەکگرتوو دروست بکەن، دامەزراوەگەلی ناوەندیی(مرکزی) دروست بکەن و جیاوازییە لۆکاڵییەکان دابمرکێننەوە (وینسنت، ٢٠١٢: ٨٤٣). هەڵبەت ئەوە واتای گرنگیدانیان بە نەتەوە نەبوو، بەڵکو پێیان وابوو کە ناسیۆنالیزم خۆی ساتێکی پێویستی گۆڕانکاریی ئابورییە.

مارکس، لە کتێبەکانی "دەربارەی پرسی جوو(١٨٤٤)"، خێزانی پیرۆز(١٨٤٥)، "لە مارکس و ئەنگلزەوە(١٩٧٧)" دا، ئامانجی ئەوەیە ڕوونی بکاتەوە کە لە سیستمی سەرمایەداریدا ئەستەمە مرۆڤەکان بە ئازادیی ئێتنیکی بگەن. لەم جۆرە سیستمەدا ڕەنگە ئازادیی سیاسی ئێتنیکەکان ئەگەری هەبێت، بەڵام لەو ئازادییە گرنگتر، ئازادی مرۆڤەکان لە دەرهاویشتەکانی سەرمایەداری کە گرنگترینیان بەشتبوون و نامۆبوونە. ئەم حاڵەتە کاتێک ڕوودەدات کە چەمکی هاوڵاتیبوون بەرجەستە ببێت و مرۆڤەکان بتوانن تواناکانی خۆیان بخەگەڕ لە پەرەسەندنێکدا کە بۆرژوا لاواز دەبێت و لە دوای سەرمایەدارییەوە، کۆمۆنیزم دێتە ئاوارە.

لەم پێناوەدا ئێتنیسیتە خۆی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت ڕێگر دەبێت لەبەردەم جووڵە و بزاوت بەرەو ئازادیی کۆتایی مرۆڤ. مارکس هەرچەندە دژی دامەزرادنی نەتەوە نوێیەکانی پشتئەستوور بە نەتەوایەتییە جیاوازەکان نەبوو، سەبارەت بە نەتەوە و دەوڵەت مۆدێلی فەرەنسای پاش ـ شۆڕشی دەکردە دەستکەلا بۆ ئەوەی بڵێت "دەوڵەتسەنتەریی و یەکپارچەیی نەتەوەیی لە شێوەی توانەوە و چارەسەرکردنی وردە کولتوورەکانی کۆمەڵگە نەتەوەییەکان، تاکە ڕێگەی بەردەوامیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بووە (Malešević, 2004: 16). مارکس هەڵبەت بەرامبەر بە ناسیۆنالیزم ڕەشبین بوو و بە ئاشکرا لە مانیفێستی کۆمونیستدا کۆتایی ناسیۆنالیزمی پێشبینی کردبوو: لە جیاتی گۆشەگیری و خۆبەڕێوەبەری کۆنی لۆکاڵی و نەتەوەیی، ئێمە لە هەموو لایەکەوە یەکگرتوویی جیهانیی نەتەوەکانمان هەیە... نوێگەرییە هزرییەکانی نەتەوەکان دەگۆڕدرێن بۆ خاوەندارییەتی هاوبەش. تاکلایەنەگەرایی و بەرچاوتەنگیی نەتەوەیی لە جاران زیاتر ئەستەم دەبێت و لە نێو ئەدەبیاتی فرەچەشنی نەتەوەیی و لۆکاڵیدا، ئەدەبیاتی جیهانیی بەدی دێت (Marx and Engels, 2018: 6).

لە کۆتاییدا دەبێت ئەو خاڵەشمان لەبەرچاو بێت کە ڕەوتە هزرییەکانی نێو مارکسیزم تەنیا لە مارکس و نەوەی یەکەمیدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو نەوەکانی دواتری ئەو ڕێبازە لە درێژپێدان یان ڕەخنەگرتن لە خودی ڕێبازەکە، هەوڵیان داوە پەرە بەو ڕەوتە هزرییە بدەن و وەڵامی بەشێك لەو ڕەخنانە بدەنەوە کە ئاراستەیان دەکرێت. بۆ نموونە نیومارکسیستەکانی وەك بندیکت ئەندرسن و پێری ئەندرسن کە دوو لە پێشەنگانی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخن و سەر بە هزری مارکسیستین، خوێندنەوەی نوێیان بۆ ئەم پرسە هەیە. بۆ نموونە پرسی سەرەکی ئەندرسن لاوازیی تیۆری مارکسیستییە لە چارەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ شتێکدا کە خۆیان پێیان دەگوت "پرسی نەتەوەیی" (ئاندرسن، ٢٠١٤: ٢٥٤).

هەروەها یەکێکیتر لەو کەسانە ئۆتۆ باوئەرە، کە پێی وابوو هۆکاری سەرەکی دیاریکەری نەتەوەیەك کارەکتەرەکانییەتی. ئەو هۆکارانەش کە بیچمی پێدەدەن هەم سروشتی و هەم کولتوورین. ئەو بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگەی ئەڵمان کۆمەڵێك هۆکاری دیکە جگە لە چینایەتی بە پاڵنەری یەکگرتوویی نەتەوەیی دەزانێت. بەرهەمهێنانی کاڵا، پەروەردەی گشتی، سیستمی سەربازی، دیموکراسی، مافی دەنگدان و دواجار بزووتنەوەی چینی کرێکار هەموویان دەستیان دایە دەستی یەکتر تا هەموو ناوچە دوورەدەستەکانی ئەڵمان بگۆڕن بە نەتەوەیەکی هوشیار سەبارەت بە یەکڕیزی نەتەوەییان(کۆلاکۆفسکی، ٢٠٠٦: ٣٢٣). باوئەر دان بەوەدا دەنێت کە دژی باوەڕە نەریتییەکانی مارکسیزمە و چینی کرێکار لەم نێوەندا هیچ ڕۆڵێکیان نییە و چینی دەسەڵاتدارە کە کولتووری نەتەوەییان لەکۆنترۆڵدایە، بەڵام یەکێك لە ئەرکەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەوەیە کە خەبات بکەن بۆ ئەوەی هەموو چینەکان لە سازکردنی کولتووری نەتەوەییدا بەشداری پێبکەن. لە هەموویان دیارتر ئەنتۆنیۆ گرامشییە کە بە سوودوەرگرتن لە چەمکەکانی چینایەتی، پرۆلیتاریا و هەژموون، هەوڵی پاڵفتەکردنی ئینتەرناسیۆنالیزم لە هەرجۆرە ناڕوونی و ژەنگگرتنێکی ئایدیۆلۆجیانە دەدات.. بۆ سەرکردایەتیی توێژە کۆمەڵایەتییە تەواو نەتەوەگەراکان(وەك ڕۆشنبیران) و ئەو توێژانەی کە هەندێکجار ڕوانینێکی سنووردارتریان هەیە و لۆکاڵی و شارچییەتی دەکەن(جووتیاران)، چینێك کە لە بنەڕەتدا نێودەوڵەتییە(پرۆلیتاریا) دەبێت بە واتایەك خۆی "نەتەوەیی" بکاتەوە(گرامشی، ٢٠٠٩: ٦٤).

لێرەوە دەکرێت وەها هەڵێنجان بکەین کە مارکسیزم بەگشتی و مارکس بەتایبەتی، لە ئاست تیۆریزەکردنی پرسی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا خۆیان ساغ بکەنەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم پرسەش تا هەنووکە لە نێو ئەدەبیاتی ئەم ڕێبازەدا تێبینی دەکرێت.

## ٧. نەتەوە و ناسیۆنالیزم

ڕوانین و پۆلێنبەندییەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بەتایبەت ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی فرەچەشنن. بۆ نموونە ناسیۆنالیزمەکانی ئەزەلیگەرا، ئێتنیکگەرا، یەکڕیزیگەرا، مۆدێرنیست ـ سازکراوەگەرا، مەدەنی، ماتریالیزمی مێژووییگەرا، سیاسی، تاکگەرا، ڕیفۆرمخواز، هێرشبەر و هتد؛ یان بە گوێرەی کیشوەرەکان و هەرێمەکانی وەك ئاسیای ڕۆژهەڵات و ئەورووپای ڕۆژهەڵات. هەروەها بەپێی جۆرەکانی خەباتی دژە کۆلۆنیاڵی، بۆ پێشکەوتنی نەتەوەیی، خەباتە کۆمەنیستییەکان و خەبات دژی دیاردەی گلۆباڵیزەیشن (ماتین، ٢٠٠٤). بەڵام باشترین پۆلێنبەندی ڕەنگە ئەم پۆلێنبەندییەی خوارەوە بێت کە بۆ چوار جۆر ناسیۆنالیزمی هەمەکیگەرا، تاکگەرایانە، ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی و شارستانی پۆلێنیان دەکات. مەبەست لە یەکەمیان ناسیۆنالیزمێکە کە تیایدا نەتەوە بە تاکێکی گشتی بە ماف، بەرژەوەندی و خواستی تایبەت بە خۆی پێناسە دەکرێت. ناسیۆنالیزمی تاکگەرایاتە کە مەبەست لێی نەتەوەییەکە بە کۆمەڵێك تاکی ئازادەوە. ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی ناسیۆنالیزمێکە کە تیایدا ئەندامییەتی لەسەر بنەمای ڕەگ و ڕەچەڵەك دیاری کراوە و بە تایبەتمەندی هەژمار دەکرێت. ناسیۆنالیزمی مەدەنیش ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە لەسەر بنەمای ئەوە ئەندامییەتی لە نەتەوەدا یەکسان دەکرێت بە هاوڵاتیبوون و بە مەقولەیێکی سیاسی یان پەیوەست بە ماف هەژمار دەکرێت (کەریم و حەکیم ، ٢٠٢١: ٢٨٨)، سەبارەت بە کاتی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمیش مشتومڕەکان تا هەنووکە بەردەوامن. ئەوەی زۆرێك لە سەرچاوەکان

لەسەری کۆکن ئەوەیە کە مێژووی سەرهەڵدانی لە دەیەی پەنجای سەدەی نۆزدەوەیە و یەکەم دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمیش لە ئاسیا بۆ وڵاتی یابان دەگەڕێتەوە (رنوون، ٢٠١١: ١٦٨).

لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەکەی کە کۆدەنگییەك سەبارەت بە پێناسەی هەر دوو چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە ئارادا نییە، بە پێچەوانەی مێژوونووسانەوە، کۆمەڵناسان لەمەڕ ڕەگوڕیشەی ئەم دوو چەمکە جۆرێك دڵنیایی دەدەن. بۆنموونە ناسیۆنالیزم بە بزووتنەوە و ئایدیۆلۆجیایەکی مۆدێرن دەزانن کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا سەری هەڵداوە و ترۆپکی لە هەردوو جەنگی جیهانیدا بووە (دی اسمیت، ٢٠١٢: ٢٠). سەبارەت بە نەتەوە، بە دانپێدانانی بندیکت ئەندرسن ـ هیوستۆن واتسۆن نووسەری باشترین و گشتگیرترین دەق سەبارەت بە نەتەوەخوازی ـ گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە "ناتوانرێت پێناسەیەکی زانستیی سەبارەت بە نەتەوە بخرێتە ڕوو؛ و ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم دیاردەیە بوونی هەبووە و بەردەوام بوونی دەبێت (آندرسن، ٢٠١٤: ٣٠). بەڵام ڕاستییەك هەیە دەبێت بزانرێت کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە ڕۆژئاوا شانبەشانی یەکتر دەرکەوتوون و گەشەیان کردووە.

سەبارەت بە ناسیۆنالیزم، هەرچی لە ئەوروپای ڕۆژئاوایە، لە ژێر کاریگەری ڕێنسانس، ڕۆشنگەری و شۆڕشەکانی وەك شۆڕشی فەڕەنسی و پیشەسازیدا و دوا بەدوای ڕێککەوتننامەی ڤستفالیا (١٦٤٨)، ئاڕاستەی ناسیۆنالیزم بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو بوو. ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا لە لایەك ئامانجی دەوڵەتسازی بوو لەڕووی بونیادە کارگێڕییەکانی حکومەتەوە کە خۆی لە کارامەکردنی بونیادی وڵات دەبینییەوە، هەروەها ئامانجی نەتەوەسازی کە سەرنجی لەسەر گۆڕینی بیرکردنەوەی خەڵك بوو بە ئاڕاستەی دروستکردنی هەستی وەفاداری بۆ وڵات، بەهای هاوبەش، بوونبەهاوڵاتیی مۆدێرن و پشتیوانی و بەشداریی هاوڵاتی لە سیستمی سیاسی. بۆ ئەمەش پێویستیان بە تێکەڵکردنی دوو جیهان هەبوو. لە لایەك پەرەپێدانی ڕەگەزە کولتوورییە نەریتییەکان، لە لایەك جیهانی مۆدێرن و کۆزمۆپۆلیتان؛ واتە بەها لۆکاڵی و ڕەسەنەکان لەگەڵ بەها جیهانی و مۆدێرنەکان.

لەو کاتەوە و بەتایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە کە بە سەدەی نەتەوەسازی دەناسرێت، فەیلەسوف و نووسەرانی وەك جۆن ستیوارت میل، لۆرد ئاکتۆن، جۆزێپێ ماتسینی و ئێرنست ڕێنان لەسەر ڕەهەندی تیۆریی سیاسی و ئەخلاقی ناسیۆنالیزم جەختیان کردەوە و لە ١٩٥٠ ەوە لە ئەمریکا، کۆمەڵێك توێژەری وەك دەیڤد ئەپتەر، کارل دۆیچ، لوسیەن پای، کلیفۆرد گێرتس کاریان لەو بارەیەوە کرد. بەهۆی کاریگەرییەکانی هەر دوو جەنگی جیهانی، سەرهەڵدانی مارکسیزم و دەرهاویشتە نەرێنییەکانی مۆدێرنیتەوە کە دەرکەوتنی کۆمەڵێك قوتابخانەی وەك فرانکفۆرتی[٢] لێ بەرهەم هات، لە هەموویان گرنگتر تاقیکردنەوەی هەندێك مۆدێلی دەوڵەتی فاشیستی و ناسیۆنالیستیی کە جگە لە کارەسات بۆ مرۆڤایەتی شتێکی دیکەی بەرهەم نەهێنا، هێدی هێدی ناسیۆنالیزم ڕووی لە کزیی کرد و تا دەیەی پەنجا بە کپی مایەوە. لە دەیەی شەستەوە وەك مارێکی نووستوو دەستی بە جووڵە کردەوە و بوویەوە جێی بایەخی بزووتنەوەکان و جێی سەرنجی کایەکانی سیاسەت، مێژوو و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بۆیە خوێندنەوەی ناسیۆنالیزم بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکرێت: پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، ساڵانی نێوان ١٩١٨ تا ١٩٤٥ و لەوکاتەوە تا سەردەمی ئێستا. هەڵبەت لە یەکێك لە نوێترین کتێبەکانی ئەم بوارەدا، قۆناغبەندییەکە دەستکاری کراوە و بۆ چوار قۆناغی (سەدەی هەژدە و نۆزدە کە ناسیۆنالیزم تیایدا لەدایك بووە، ١٩١٨تا١٩٤٥، لەوکاتەوە تا کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠ کە قۆناغی بەشداریی کۆمەڵناسان و بیرمەندانی زانستە سیاسییەکانە لەو مشتومڕانەدا و لە سەرەتای ١٩٨٠ەوە تا ئەمڕۆ) (اوزکریملی، ٢٠٠٤: ٢٨) ، پۆلێن کراوەتەوە.

یەکێك لەو بیرمەند و توێژەرانەی کە بەرهەمەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزم هەبووە، ئەنتۆنی دی سمێسە. ئەو ناسیۆنالیزم بە بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ گەیشتن و پاراستنی خۆبەڕێوەبەری، یەکگرتوویی و ناسنامەی نەتەوەیەکی هەبوو یان ناچالاك (potential) پێناسە دەکات. ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوە، زۆرجار پێش ئەوە و بەدوای بەدیهێنانی نەتەوەوەیە، تەنانەت ئەگەر زۆرجار وەها دەری بخات کە نەتەوە پێشتر بوونی هەیە (Smith,1989: 5). بەڵام بروێلی لە پێناسەی ناسیۆنالیزمدا پێیوایە کە ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەو بزووتنەوە سیاسییانەی کە بەدوای یان سەپاندنی هێزی دەوڵەتیدان و وەها کردەگەلێکی خۆیان بە بەڵگەگەلی ناسیۆنالیستی پاساو بۆ دەهێننەوە. ئەرگیومێنتەکەشی لەسەر ئەم سێ بنەمایە ڕاوەستاوە. یەکەم، نەتەوەیەك بوونی هەیە کە کاراکتەرێکی دیار و تایبەتی هەیە؛ دووەم، بەرژەوەندی و بەهاکانی ئەم نەتەوەیە لە سەرروو هەموو بەرژەوەندی و بەهاکانی دیکەوەن؛ و سێیەم، نەتەوە دەبێت هەتا دەکرێت سەربەخۆ بێت (Breuilly,1993: 2).

گێلنەریش وەك یەکێك لە دیارترین تیۆریستەکانی ناسیۆنالیزم، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: بنەمایەکی سیاسی و دەربڕی ئەوەیە کە یەکەی سیاسی و نەتەوەیی پێکەوە تەبابن. ناسیۆنالیزم وەك هەستێك یان بزووتنەوەیەك دەتوانێت بە باشترین شێوە لەم بنەمایەدا پێناسە بکرێت. هەستی ناسیۆنالیستی، بریتییە لە هەستی ڕقی دەرهاویشتەی پێشێلکردنی ئەم بنەمایە یان هەستی ڕەزامەندی دەرهاویشتەی بەرجەستەبوونیەتی. بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی، وورژانی وەها هەستێکە(گلنر، ١٤٠٠: ٢٣).

گێلنەر زیاتر سەرنجی لەسەر دەوڵەتە. پێیوایە کە بە نەبوونی دەوڵەت ئیدی قسەکردن لەسەر ناسیۆنالیزم بێسوودە. دەوڵەت لە پێش ناسیۆنالیزمەوەیە و نەتەوە لەسەر بنەمای کولتووری باڵای بەرهەمهاتوو لە کۆمەڵگەی پیشەسازی دێتە ئاراوە. هەروەها ئەوە ناسیۆنالیزمە کە نەتەوەکان بەدی دەهێنێت نەك بە پێچەوانەوە. بۆچوونی گێلنەر

[٢] – قوتابخانەیەکی هزریی ئەڵمانیی بوو کە لە دەیەی ١٩٣٠ دا لە لایەن ماکس هۆرکهایمەرەوە دامەزرا.

لەو شوێنەدا لە ئەندرسن نزیك دەبێتە كە پێی وایە نەتەوەكان بونیادگەلێكی ئایدیۆلۆجین كە بە دوای بەستەری نێوان گرووپە كولتوورییەكان و دەوڵەتدا دەگەڕێن. ئەندرسن لە پێناسەی نەتەوەدا پێشنیاز دەكات كە نەتەوە كۆمەڵێكی سیاسیی وێناییە، وێنایی هەم لەبەر سنووردارببوون و سنووره خودییەكانی و هەم لەبەر بێچەندوچۆنی و ئەو هێزە ڕەهایەی كە داویانەتە پاڵی. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە كە وێنابوونی نەتەوەكان لەسەر ئەوەیە كە ئەندامەكانی نەتەوەیەك هیچكات زۆرینەی هاونیشتیمانییەكانی خۆیان ناناسن، یەكتر نابینن و تەنانەت دەربارەی ئەوان هیچ شتێك بەرگوێیان ناكەوێت؛ بەڵام لە زەینی هەریەكەیاندا وێنایەك لەم پێكەوەبەستنە زیندووە (ئاندرسن، ٢٠١٤: ٣٤). سەبارەت بە تیۆرەكانی ناسیۆنالیزم، جەیمز گودمەن لەم پێنج جۆرەدا كورتیان دەكاتەوە(لۆكاچ، ٢٠٠٤: ٦١٦):

١. تیۆرە ئێتنیكی ـ نەتەوەییەكان كە جەخت لەسەر ناوەڕۆكی ئێتنیكی ناسیۆنالیزم دەكەنەوە؛

٢. تیۆرەكانی مۆدێرنسازی، كە پێداگری لەسەر هۆكارە كۆمەڵایەتی ـ ئابوورییەكانی سەرهەڵدانی ناسنامەی نەتەوەیی دەكەنەوە، بۆ نموونە بەپیشەسازیبوون؛

٣. تیۆرە وڵاتسەنتەرەكان كە ناسیۆنالیزم بە سیستمی وڵاتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانەوە دەبەستنەوە؛

٤. تیۆرە چینسەنتەرەكان كە لە گۆشەنیگای پەیوەندییە چینایەتییەكانەوە دەڕوانن؛ و

٥. تیۆرەكانی پەرەسەندنی ناهاوسەنگ كە سەرنج لەسەر سەقامگیری نێودەوڵەتی و جیاوازییە نەتەوەییەكان دەكەنەوە كە تیایدا ناسیۆنالیزم بەرهەم دەهێنرێتەوە.

هەرچەندە تێكەڵی و هاوبەشیی زۆر هەیە لە نێوان وشەكانی نەتەوە، ئێتنیك، ئێتنیسیتە و ڕەچەڵەكدا بەڵام لەڕووی وشەسازییەوە، نەتەوە (nation)، لە وشە لاتینییەكانی nasci (لەدایكبوون)، nation (وابەستەیی بەرامبەركێ لەڕووی زادەبوون و زێدەوە)، وەرگیراوە. هاوڕەگەكەی لە زمانی ئینگلیزیدا ڕێكوپێك بریتییە لە natal (زێدی) وnature (سروشت) كە ژێربەژێر لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا بەكار دەهێنرێن. بۆیە واتە زێدییەكەی، بنەمای فۆرمی "سروشتی" كۆبوونەوەكانی مرۆڤ دیاری و دەستەبەر دەكات (ویسنت، ٢٠٠٨: ٣٣١).

لەڕووی زاراوەناسییەوە پێناسەگەلێك بۆ نەتەوە كراون. ئێرنست ڕێنان لە وتارە بەناوبانگەكەیدا بەناونیشانی "نەتەوە چییە" گرنگییەكی سەرسوڕهێنەر بە گیان و بنەمای ڕۆحانی نەتەوە دەدات. بە لای ئەوەوە ڕۆح، ئەم بنەما مەعنەوییە لە دوو ڕەگەز پێكهاتووە كە لە واقعدا یەكێكن. یەكێكیان ڕەگی لە ڕابردوودا داكوتاوە و ئەویتر لە ئێستادا. یەكێكیان خاوەندارییەتی هاوبەشی بۆماوەی سیخناخە بە یادەوەرییەكان و ئەویتر هاوتەریب لەگەڵ ئێستا (رنان و دیگران، ٢٠١١: ٤٧).

ئەو ئاماژە بە چەند كۆڵەكەیەكی دروستبوونی نەتەوە دەكات، بەڵام مەرج نییە هەمیشە ئەو ڕۆڵە ببینن. جوگرافیا، ئایین و ڕەچەڵەك لە گرنگترینیانن. هەروەها پاڵەوانییەتی، شانازییە نەتەوەییەكانی ڕابردوو و زمان، كە لە هەندێك وڵاتدا دەبنە هۆی بەدیهێنانی یەكپارچەیی و ناسنامەی نەتەوەیی. ئەوەی بەلای ئەوە گرنگە یەكگرتووییەكی بتەوە كە بە هۆی گیانبەختكردنەكانی ڕابردوو و ئێستاوە بیچم دەگرێت. بۆ ئەو ئێستایەك و واقعییەتێكی بەرجەستە گرنگە، با بەرهەمی ڕابردووی نەتەوەش بێت. واتە ڕێككەوتن و ئارەزوویەكی بۆ بەردەوامیی پێكەوەژیان. بوونی نەتەوەیەك واتە گشتپرسییەكی ڕۆژانە (رنان و دیگران، ٢٠١١: ٤٩). ئەنتۆنی دی سمیسیش وەها پێناسەی نەتەوە دەكات كە كۆمەڵگەیەكی مێژوویی و كولتوورییە، كە خاوەنی قەڵەمڕەوێكی یەكپارچە، ئابووری، سیستمی خوێندنی گشتی، مافی یەكسانی هاوبەشە(Smith, 1989: 344). ئەو هەڵبەت ئاماژە بەوە دەكات كە مەرج نییە هەموو ئەو ڕەگەزانەی ئاماژەیان پێكراوە لە نەتەوەدا هەبن، دەكرێت نەتەوەیەك لە یەكێك لەو ڕەگەزانە بێبەش بێت و هەر بە نەتەوە هەژمار بكرێت. سەبارەت بە گرووپە ئێتنیكییەكانیش پێیوایە كە ئەو كۆمەڵەتاكەی كە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێكی كولتووریی تایبەتی بوون، زۆرجار تۆڕێكی كۆمەڵایەتی یان كۆمەڵە تۆڕێكیان پێك دەهێنا كە بە درێژایی كات گۆڕا بۆ شتێك كە ئێمە ئەمڕۆ پێی دەڵێین كۆمەڵە ئێتنیكییەكان. ئەم كۆمەڵە كولتووری و مێژووییانە زۆرجار بە نیشانەگەلێك دەناسرێنەوە كە بریتین لە ناوی هاوبەش، كۆمەڵێك ئەفسانەی هاوبەش و ڕەچەڵەكی هاوبشە، هەندێك یادەوەری هاوبەشی مێژوویی سەبارەت بەو شتانەی كە پێكەوە ئەزموونیان كردوون، خاكێكی مێژوویی یان نیشتیمانی هاوبەش، چەند ڕەگەزێكی كولتووریی هاوبەش ـ مان، داب و نەریت یان ئایین و هەستی پێكەبەستن و یەكڕیزی نێوان ئەندامانی كۆمەڵگە(Smith, 1989: 347) .

## ٨. ڕەگوڕیشەی كورد

دەكرێت ئەو كەسانەی كە سەبارەت بە سەرهەڵدان و ڕەوتی ناسیۆنالیزمی كوردی نووسیویانە بۆ سێ گرووپ پۆلێنبەندی بكرێن: گرووپی یەكەم توێژەرانی وەك ئەمیر حەسەن پوور كە سەرەتاكانی بیری نەتەوەیی كوردی (بەگەڕانەوە بۆ شەرەفخانی بەدلیسی و ئەحمەدی خانی و هەوڵەكانی بەدرخان پاشا) بۆ سەدەكانی شانزە و حەڤدەی زایینی دەگێڕنەوە؛ گرووپی دووەم مێژوونووسانی وەك جەمال نەبەز، بازیل نیكیتین، ڤلادیمیر مینۆرسكی و عەزیز شەمزینین كە سەرەتاكانی لە سەدەی هەژدە و نۆزدە دەبینن؛ و گرووپی سێیەمیش (لەوانە كریس كۆچێرا و ڕۆبەرت ئۆڵسن)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بە سەرەتای دەركەوتنی دەزانن (سعید، ٢٠٠٣: ٦٢-٦٥). ئەگەر بەدوای ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی كوردیدا دەگەڕێین، باشترین ڕێگا ئەوەیە كە سەرنجمان لەسەر ئەو پۆلێنبەندییە چڕ بكەینەوە كە زۆرێك لە تیۆریستە كوردەكان سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی كوردی پشتی پێدەبەستن. بەگشتی سێ ڕوانگەی سەرەكی سەبارەت بە پەیوەندیی هۆیی(علی)، لە نێوان نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا لە ئارادایە. ڕوانگەی ئەزەلیگەرایانە (Primordialist)، سازكراوە یان سازكراوەگەراكان (constructivist)، و لە نێوانیشیاندا ڕوانگەی ئێتنیكگەرایانە كە سیمبولیزمی ئێتنیكگەرایانەشی(Ethno-symbolism) پێدەگوترێت. ئەم سێ پارادایمە یارمەتیمان دەدەن شوێنی ناسیۆنالیزمی كوردی یان ئەوەی جەمال نەبەز ناوی دەنێت بیری نەتەوەیی كوردی لە نێو ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزمی جیهانیدا بدۆزینەوە.

لێرەوەیە بابەتەکە سەر دەکێشێت بۆ مشتومڕ لەسەر سوبێکت یان ئۆبجێکتبوونی نەتەوەکان و لە نێویشیاندا کوردەکان. کورد لەناوەوەی مێژووە یان دەرەوە؟ چالاکە یان ناچالاك؟ ئایا کورد وەك نەتەوە سازکراوەیە یان خۆی سازکەرە. ئەگەر سازکراوەیە چۆن و لە ڕێگەی کامە پرۆسە و پرۆژەوە ساز بووە؟ نەتەوە خۆی وەك هەبوویەکی ئەزەلی، یان ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازەکانن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بەبێ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئەستەمە؛ دوو چەمکی تێکەڵکێش و زۆرجار تەواوکەری یەکتری، ڕەنگە هەندێکجار کۆتاییپێهێنەری یەکتریش. بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندییە گرنگە بزانین کە چوار گرفتی سەرەکی هەن کە بەرۆکی سەرهەڵدانی نەتەوە دەگرن. یەکەم، هوشیاریی نەتەوەیی گشتگیرە، نەك دیاردەیەك تایبەت بە دەستەبژێر؛ دووەم، بیچمگرتنی نەتەوە پرۆسەیە، نەك ڕووداو؛ سێیەم، پرۆسەی بیچمگرتنی بە شێوەیەکی پێشوەختە دیاری نەکراوە، بەڵام دەتوانێت لە هەر چرکەساتێکدا کۆتایی پێبێت؛ و چوارەم، هەستی پێکهاتنی ئێتنیکێکی خزمایەتی، بەدەگمەن پەیوەندییەکی زۆری بە واقعییەتەوە هەیە (Connor, 1990: 94).

لە پۆلێنبەندییەکدا کە یەکێکیان ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵات(شرق)ە، نەتەوە بە گرووپێکی ئێتنیکی تایبەت پێناسە دەکرێت، لە کاتێکدا کە لە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییدا نەتەوە بریتی نییە لە گرووپێکی ئێتنیکی، بەڵکو خەڵکانێکە کە شانازی بە کولتورێکی شارستانی هاوبەشەوە دەکەن. لە نمونەکانی فەرەنسا، بەریتایان و ئەمریکادا هەستێکی هاوبەشی ئێتنیسیتی لەسەر بنەمای پرۆسەیەکی درێژی پەرەسەندنی دیموکراسی بوونی هەیە. بە واتا یەکیتر، ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی بەرجەستەبوونی تێگەیشتنێکە لە نەتەوە کە لە بنەمادا ئازادیخوازانەیە. بۆیە لە نیوان ئازادیخوازی و ناسیۆنالیزمدا ناکرێت دژیەکی بە دی بێت، چونکە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی نیشاندەری پابەندبوونێکی هاوبەشە بە بنەماکانی ئازادیخوازییەوە. ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگە نارۆژئاواییدا ڕۆحی ڕۆشنگەری ڕەت دەکردەوە و بە شانی یەکسانسازیی بەهێزی دەوڵەت و باوەڕیدا هەڵدەدا. دوو ناسیۆنالیزم، دوو تێگەیشتنی جیاوازیان لەمەڕ نەتەوە هەبوو. هزری ڕۆژئاوایی پێیوابوو کە نەتەوە بە شێوەی سەندیکاگەلێکی خۆبەخشانە لە هاوڵاتیان سەرهەڵدەدات. تاکەکان ویستی خۆیان لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەکان، پەیماننامەکان و گشتپرسییەکانەوە دەردەبڕن و جەخت لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نەتەوەکان دەکرایەوە. بەڵام لە جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوادا نەتەوە یەکەیەکی سیاسی هەژمار دەکرا کە بەدەوری چەمکی نائەقڵانی و پێش شارستانییەتدا دەسوڕایەوە (اوزكيملى، ٢٠٠٤: ٥٩).

لەم ڕوانگەوەیە کە هەندێك لە توێژەرانی بواری نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، پێیانوایە کە ئێمەی کورد بە هەڵە چەمکی ناسیۆنالیزم، نەتەوە و نەتەوەسازیی ڕۆژئاواییمان وەرگرتووە و وەرگێڕان کردووە، چونکە لە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوادا نەتەوەسازی بە واتای نیشتیمانسازی دێت، نەك واتا ئێتنیکگەراییەکەی. بەڵام ئەدەبیات و هزری ناسیۆنالیستیی کوردیی چەمکەکەی لە عەرەبەکانەوە وەرگرتووە و ئەوان بە واتای "القومية" بەکاریان هێناوە. هەر ئەمە وای کردووە کە جەمال نەبەزی مێژوونووس وەك ئەزەلیگەرایەك (نەبەز، ١٩٨٥: ٩)، جیا لەوەیکە کات و ساتێك بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دیاری ناکات، پێیوایە کە ئەگەر بەکارهێنانی چەمکی هزری نەتەوەیی کوردیی کە بۆ یەکەمجار لە ئەدەبیاتی کاژێك دا کەوتەبەرچاو، بەرامبەر بە بیری قەومی ڕۆژهەڵاتی یان بیری ناسیۆنالیستیی ڕۆژئاوایی دابنرێت، کارێکی دروست نییە. ئەوەی ئەمڕۆ عەرەبەکان پێی دەڵێن "القومية" بەواتای ناسیۆنالیزم لە وشەی (القوم)ەوە وەرگیراوە، لەکاتێکدا خۆیان لە بری وشەی نەیشن (القوم) بەکار ناهێنن، بەڵکو (الامة) بەکار دەهێنن، کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ واتا ئەورووپییەکەدا یەك ناگرێتەوە (نەبەز، ١٩٨٤: ٧). فارسەکانیش بەهەمانشێوە، بۆ نەتەوەکانیتر قوم و بۆ خۆیان ملت بەکاردەهێنن. گرنگە بزانین ئەم سێ ڕوانگانەیەی سەرەوە چۆن نەتەوە دەخوێننەوە.

## ٩. ئەزەلیگەرایی

زۆرجار بە کارەکانی کیلفۆرد گیرتزەوە دەناسرێتەوە کە باس لە هەستە بنەڕەتی، سەرەتایی و ئەزەلییەکان دەکات کە مەبەست پەیوەندیگەلێکی دەروونناسییە کە دەرهاویشتەی پێشینەی هاوبەشی زمانی، ڕەچەڵەکی، خێڵەکی، ناوچەیی یان ئایینین و وەك ناسنامەگەلی بنەڕەتیی تەواو جیا و هەندێکجار پاڵپشتیکەر، لێکدەدرێنەوە (کانر، ٢٧٢١: ١٤). لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە کە تا هەنووکە ڕەوتی زاڵی ناسیۆنالیستیی کورد پێك دەهێنن، ئەوانەن کە باوەڕیان بە دێرینبوونی نەتەوە هەیە. هەموو ئەو توێژەر و ناسیۆنالیستانە دەگرێتەخۆ کە بۆ گەڕانەوەی ڕەگوڕیشەی نەتەوەی کورد دەمانگەڕێننەوە بۆ سەردەمانی کۆن و کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (قاسملوو، ٢٠١٢: ٣٧)، چیرۆك، ئەفسانە و پاڵەوانییەتییەکانی پێش زایین. بەلای ئەوانەوە ناسیۆنالیزم بەرەنجامی سیاسیی نەتەوەیە؛ واتە ئامرازێکە بۆ بەرجەستەکردنی مافی لەمێژینەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. ئەزەلیگەراکان نەتەوە بە دەستەواژەیەکی بێگۆڕانکاری و "پێدراو" دەزانن. بۆ نموونە ئەزەلیگەرا کوردەکان پێیان وایە میدەکان "وەك خێڵێکی گەورەی دەسەڵاتداری کورد و زمانی کوردی کە مێژوویەکی ٥٥٠٠ ساڵەی هەیە "(حەمەڕەش، ٢٠١٣: ٣٢٣) ، کاردۆخییەکان (گەزنەفۆن)، چەرمۆ و ئەشکەوتی شانەدەر، کاوە و زۆحاك، ناوی هەندێك لەو خەڵك، نەتەوە و ئەفسانانەن کە ناسیۆنالیستەکانی کورد وەك بەڵگە لەکاتی خستنەڕووی بەڵگە و مشتومڕەکانیاندا سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد پشتیان پێدەبەستن. ئەم ڕوانینە زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسانیش بۆی دەگەڕێنەوە(نیکیتین، ١٣٦٦: ٣٤-٣٥).

ئەمانە ئەگەرچی هەندێکجار باز دەدەنە نێو بازنەی مۆدێرنیستەکان و بەم پارادایمە خوێندنەوە بۆ هەندێك بەرهەمی گرنگی وەك شەرەفنانە دەکەن و تەنانەت هۆنراوەکانی شاعیرێکی وەك خانی پێش ئەدەبیاتی ناسیۆنالیستیی ڕۆژئاوا دەخەن، مەبەستیان ئەوەیە بڵێن، کوردەکان لە ڕێگەی ئەم ئەدەبیاتەوە نەك لە ئەدەبیاتی ناسیۆنالیستیی تورك و فارس و عەرەب جێنەماون، بەڵکو پێش ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییش کەوتوون. ئەو توێژینەوانەی کە لە ژێر هەژموونی ئەم گوتارەدان، پێیانوایە

کە نەتەوەی کورد، بوونێکی ئەزەلییە؛ بونیادێکی سروشتیی کە ڕیشەی لە سروشتی تەواوی کوردەکاندا هەیە و ناسنامەی خەڵك و کۆمەڵ لە ڕەوتی مێژوودا دیاری دەکات (ولی، ٢٠١٩:٨٩). یەکێك لە دیارترین ئەزەلیگەراکان جەمال نەبەزە کە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك بۆچوون و ئەدەبیات و ئەفسانەی کوردی ئاماژە بە مێژووی هەزارساڵەی کوردەکان دەکات (نەبەز، ٢٠٠٢: ١٤-١٥).

سازکراوەگەرایی

لەبەرامبەردا مۆدێرنیست ـ سازکراوەگەراکان هەن. گێلنەر کە خۆی بە یەکێك لەوان دەناسێنێت، بە دوو گریمانە ئەم مشتومڕەی نێوان ئەزەلیگەراکان و سازکراوەگەراکان ڕوون دەکاتەوە. یەکەم جیهان یەکجاری و لەتەك یادەوەرییەکان و پێشینە پەیوەستەکانیدا دروست بووە؛ یان جیهان زۆر دێرینە و وردەوردە ئەم یادەوەری و پێشینانەی کۆکردووەتەوە. ئەو بە گەڕانەوە بۆ نموونەیەك لە کتێبی پیرۆز کە ئایا مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوە دروست کراوە، ئەگەر وایە کەواتە پێویستی بە وێلاشێك(ناوکێك) نەبووە کە بیبەستێتەوە بە هێزێکی دیکەوە. لێرەوە ئەمە دەکاتە دەستکەلا بۆ ئەوەی بڵێت کە ئەویش وەك مۆدێرنیستەکان، باوەڕی بەوە هەیە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی لە خودی خۆیدا نوێیە. بەڵام وەها نییە کە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیتر بە نوێ بزانێت. بە پێچەوانەوە، باوەڕی وایە کە کولتوور و هێز حاڵەتگەلی کۆنن، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بە شێوەیەکی نوێ پێکەوە بەستراونەتەوە و ناسیۆنالیزمیان بەدی هێناوە (گلنر، ٢٠٠٩: ١١١).

گێلنەر مۆدێرنیستە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە مەرج نییە نەتەوەکان هەمیشە خاوەنی ڕابردووگەلی ئێتنیکیی بن. هەروەها بەشە پێکهێنەرە ئێتنیکییەکانیش بەس نین بۆ نەتەوەسازی. سەیری ئەستۆنییەکان بکە لە سەدەی نۆزدەدا، نە خاوەنی هوشیاریی نەتەوەیی بوون و تەنانەت ناویشیان نەبوو، کەچی لە ماوەی سەد ساڵدا نەتەوە، هوشیاریی نەتەوەیی و دەوڵەت ـ نەتەوەشیان سازکرد. ئەو نموونەی ئەستۆنییەکان دەهێنێتەوە کە بە بێ ئەو هەڵبەت هاوشان لە هۆبزباوم، زۆر گەشبین نییە بەرامبەر بە ناسیۆنالیزم. (Mylonas and Tudor, 2021 114;). بەڵام دان بە کاریگەریی ناسیۆنالیزمدا دەنێت لەوەیکە توانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی بگوازێتەوە.

هەرچی سازکراوەگەراکان یان مۆدێرنیست ـ سازکراوەگەراکانن، ناسیۆنالیزم پێش نەتەوە دەخەن و ڕۆڵێکی گرنگ بە نەتەوەسازەکان دەدەن و بەرگری لە سەرکەوتنی ناسیۆنالیزم دەکەن وەك هۆکاری سەرەتایی بیچمگرتنی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی. واتە نەتەوە بە یەکێك لە بەرەنجامەکانی سیاسەتی ناسیۆنالیزم، حاڵەتێکی نوێی سیاسی و لەمڕووەوە دیاردەیەکی مۆدێرن پێناسە دەکەن (ولی، ٢٠١٩: ٢٠-٢١). هەندێك لە تیۆریستە دیارەکانی وەك ئەندرسن، گێلنەر، هۆبزباوم، سازکراوەگەرایانە دەڕواننە نەتەوە. واتە نەتەوە ساز دەکرێت نەك پێشتر وەك هەموو دیاردە سروشتییەکانی دیکە هەبووبێت و ئێمە تەنیا دۆزیبێتمانەوە. بە پێچەوانەی ئەزەلیگەراکانەوە کۆمەڵ، بزووتنەوە و نەتەوەکان سوبێکتن و خۆیان بە ویستی خۆیان دەست بۆ سازکردنی نەتەوە دەبەن. بۆ نموونە هابزباوم نزیك لە بۆچوونی گێلنەر بەڵگە دەهێنێتەوە کە نەتەوەکان بە قۆناغێکی دیاریکراو و لەڕووی مێژووییەوە ئەمدواییە دەبەسترێنەوە. بەڕای ئەو تایبەتمەندیی سەرەکی نەتەوەی مۆدێرن و هەر شتێك کە پەیوەستە پێوەی، نوێبوونەکەیەتی.. هەتا ساڵی ١٨٨٤ لە فەرهەنگی ئەکادیمیای پاشایەتی ئسپانیادا، وشەکانی دەوڵەت، نەتەوە و زمان بەم سیاقەی نوێیەی ئێستا بەکار نەهاتوون (هابسبام، ٢٠٢١: ٢٥).

لە نێو نووسەر و توێژەرانی کورددا کەسانێك هەن کە لە چوارچێوەی ئەم ڕوانگەیەدا بیر دەکەنەوە، بۆ نموونە ڕەفیق سابیر کە دەرکەوتنی ڕەگەزەکانی هۆشیاری نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەردەمی بابانەکان دەگەڕێنێتەوە و قۆناغی نوێ لە مێژوو ناسیۆنالیزمی کوردستان بۆ ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهان و ڕووخاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان دەگەڕێنێتەوە، هەرچەندە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە تەسلیمی واقعی داگیرکەران دەبێت و شکست دەهێنێت (سابیر، ٢٠٠٣: ١٧١). لە نێو لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیەدا کەسانێك هەن کە هەندێك ڕووداو و قۆناغی گرنگ لە مێژووی کورد و کوردستان وەك دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) و دەرکەوتنی میرنشینی بابان و بڵاوبوونەوەی دیوانی شاعیرانی وەك خانی و حاجی قادری کۆیی، بە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی دەزانن. ڤان برۆنسن سەرەڕای ئەوەی دان بە گرنگیی یەکجار زۆری بەرهەمگەلێکی وەك شەرەفنامەی شەرەفخان (١٥٩٧) و مەموزین( ئەحمەدی خانیدا دەنێت وەك دوو پێشڕەوی ناسیۆنالیزمی کوردی ـ جەخت دەکاتەوە کە یەکەمین ئەنجومەنە ناسیۆنالیستییەکانی کورد لە دەرەوەی کوردستاندا و بە ڕێژەیەکی لاوازتر لە شارە گەورەکاندا دەرکەوتوو (Bruinessen, 2000: 3). بەڵام باوەڕی وایە کە گونجاو نییە ئەگەر تەنیا بە پشتبەستن بە چەند بەیتە هۆنراوەیەکی خانی، بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو ناسیۆنالیست بووە و بیری لە دەوڵەتی کوردی کردووەتەوە(بروئینسن، ٢٠١٩: ٦٨).

جەعفەر عەلی لەگەڵ ئەوەیکە ڕۆژنامەی کوردستان و شۆڕشی شێخ مەحمود بە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی دەزانێت، ناسیۆنالیزم بە دیاردەیەکی فکری، سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ پێناسە دەکات کە ڕەگوڕیشە مێژووییەکەی لە نێو قۆناغی مۆدێرنەدایە (عەلی. ٢٠١٣: ٣٦٠-٣٦١). هەندێك نووسەری دیکەش هەن کە بە جۆرێك دەتوانین بڵێین ڕەشبینانە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی ناسیۆنالیستیی کوردی ڕەت دەکەنەوە. بۆ نموونە عەتا قەرەداغی لە کتێبەکەیدا بەئاشکرا کورد بە هەموو قۆناغە گرنگەکانییەوە، لە میدییەکان و گۆتی، میرنشینەکان، هەموو شۆڕشەکانی کورد، تەنانەت ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو، وەك ڕاپەڕین، بە خاڵیی لە هەرجۆرە هزری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی دەزانێت. ئەگەر کەسێك و ڕەوتێکی نەتەوەییش سەری هەڵدابێت تەنیا لە ئاستی تاکەکەسیدا بووە (قەرەداغی، ٢٠٠٧: ٦٧ و ١٧٤).

لە نێو ئەو تیۆریستانەدا کە کاری پڕبایەخیان لەسەر ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردیی کردووە، عەباس وەلی یەکێکە لە دیارترینیان. ئەو کە باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە ناسنامەی نەتەوەیی کورد بە بێ دوودڵی ناسنامەیەکی مۆدێرنە، ئاماژە بە

تایبەتمەندبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیی و زاڵبوونی دوو جۆر گوتاری ئەزەلیگەرایی و ئێتنیککەرایی دەکات و دەپەرژێتەسەر تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی مۆدێرنیست - سازکراوەگەرایی لە هەمبەر ئەو دوو گوتارەی پێشوو. ڕوانگەی ئێتنیککەرا، ناسنامەی کوردیی یەکپارچە دەکاتە چەقی پرۆژەی سیاسیی ناسیۆنالیستییەوە(ولی، ٢٠١٩: ٨٨). ئەم ناسنامە یەکپارچەیە ئامرازێکە بۆ دەربڕینی بانگەشەی نەتەوەی و بە پشتبەستن بە هەندێك لە شۆڕشە و جووڵانەوەکان وەك بەڵگەگەلێك بۆ دەربڕینی ئەم بنەڕەتە ئێتنیکییە هاوبەشە، مێژوویەکیشی بۆ دادەتاشرێت. ئەم ڕەگوڕیشەیە، چۆنایەتییەکی سروشتیی هەیە کە لە هەناوی مێژوودا حەشار دراوە و چاوەڕوانی هاتنەدییە. بەڵام هاتنەدییەکەی پرۆسەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو پێویستی بە دۆخێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوریی تایبەتە (ولی، ٢٠١٩: ٨٩).

کارەکانی ئەمین زەکی و ئەمیر حەسەنپور دەچنە بازنەی ئەم جۆرە تێگەیشتنەوە. حەسەنپوور بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی مارکسیستی و بەرهەمهێنان، سەرنج لەسەر چینی بۆرژوا و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستاندا چڕ دەکاتەوە و پەیوەستی دەکات بە بابەتی هوشیاری و ناسیۆنالیزمی چینی ناوەڕاستەوە (Hassanpour, 1994: 4). لە لایەکیترەوە ئەمین زەکی لە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی تورکی و وەك بەرچەکردارێك بەرامبەری شانازی بە نەتەوە و مێژووی خۆیەوە دەکات و ڕەخنە لە خۆی دەگرێت کە پێشتر بەهۆی زاڵبوونی ئایدیای کۆمەڵگەی عوسمانییەوە لە خەوێکی قووڵدا بووە و دوابەدوای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی تورانیزمەوە ئیدی بە پێویستی زانیوە بەدوای ڕەگوڕیشەی سروشتیی کوردەکاندا بگەڕێت.

**ئێتنیککەرایی**

هەروەها لە نێوان هەر دوو پارادایمی ئەزەلیگەرایی و سازکراوەگەراییدا، ئێتنیککەراکان هەن کە وەك نێوەنجییەك، نەتەوە نە بە بەرهەمی سروشتیگەرایی دەزانن، نە تەواو مۆدێرن و سازکراوە. بەڵکو پێیان وایە کە هەموو نەتەوەیەك لە لایەکەوە بە ناوکێك بەستراوەتەوە بە دایکییەوە کە خاك و نیشتیانە لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی دۆخگەلی کولتوریی سیاسیی مۆدێرن/ناسیۆنالیستییەوە پێناسە دەکرێتەوە. ئەمە خاڵی هاوبەشیانە لەگەڵ ئەزەلیگەراکاندا. ئالاهەڵگری ئەم ڕوانگەیە ئەنتۆنی دی سمێسە. ئەو لە ڕێگەی تیۆری سیمبولیزمی ئێتنیکییەوە، بەنیازە کەلەپووری سیمبولیکی ناسنامە ئێتنیکییەکان بۆ نەتەوەگەلێکی تایبەت ئاشکرا بکات و نیشانی بدات چۆن ناسیۆنالیزمەکان و نەتەوە مۆدێرنەکان، سیمبولەکان، ئەفسانەکان، یادەوەرییەکان، بەهاکان و نەریتەکانی مێژووی ئێتنیکیی خۆیان لە بەریەککەوتنیان لەگەڵ پرسەکانی مۆدێرنێتەدا دووبارە بدۆزنەوە و ڕاڤە بکەنەوە (اسمیت، ٢٠١٢: ٤٢٥-٤٢٦). ئەم پارادایمە کە هەوڵەکانی جۆن ئارمسترۆنگ، جۆن هاچینسۆن، و بندیکت ئەندرسنی لە هەناویدا هەڵگرتووە، سەرنج لەسەر تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەفسانەکان، سیمبولەکان، بەهاکان و یادەوەرییەکان لە بەدیهێنانی وابەستەیی و هاوسۆزییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان و مێژووی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم چڕ دەکاتەوە. ڕەنگدانەوەی ئەم سەرنجە لەسەر پێناسەی ناوبراو بۆ نەتەوە بەڵگەیە لەسەر گرنگی ئەو ڕۆڵانەی کە سیمبول و یادەوەرییەکان لە نەتەوەسازیدا دەیگێڕن. نەتەوە کۆمەڵێکی مرۆیی خاوەن ناوە کە لە خاکێکی دیاریکراودا دەژین و خاوەنی ئەفسانەگەلی هاوبەش، مێژوویەکی هاوبەش، کولتوورێکی گشتیی هاوبەش، ئابوورییەکی یەکگرتوو و ماف و پابەندیگەلی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامەکانییەتی (Smith, 2010: 14). تایبەتمەندییەکانی نەتەوە و ئێتنیك لە لای سمێس زۆر لەیەك نزیکن. بەڵام لەو شوێنانەدا کە لەیەك جیا دەبنەوە بەئاشکرا پەنجەرەیەکی نوێ بەڕووی تێگەیشتنی ئێمەدا بۆ دۆخی کورد و بوونی نەتەوەیی کورد دەکەنەوە. بۆ نموونە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە، مێژووی هاوبەشە لەکاتێکدا بۆ ئێتنیك، یادەوەریی هاوبەشە یان جیاوازی ئێتنیك و نەتەوە لە هاوبەستەیییەکانیاندا کە نەتەوە بە کۆمەڵێك داب و نەریت و یاسا و ڕێسای هاوبەش پانتاییەکی فراوانتر لە ئێتنیك لە خۆ دەگرێت(Smith, 2010: 14).

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بە ڕەوتێکی دیکەی هزریی سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و بوونی نەتەوەیی کورد بکەین، کە بریتییە لەو تێزەی کە پشتبەستن بە هەرجۆرە تیۆرێك و پارادایمێکی باوی ناسیۆنالیزمی بۆ خوێندنەوەی دۆخی کورد و بوونی نەتەوەیی کورد ڕەت دەکاتەوە. عیرفان مستەفا یەکێك لەو کەسانەیە. خستنەڕووی تێزەکەی مستەفا لەم توێژینەوەیەدا جێگەی نابێتەوە، بەڵام بە کورتی و بەکوردی، ئەو پێی وایە کە بوونی نەتەوەیی کورد تاقانە و یونیکە.

کورد وەك نەتەوە، نەتەوەی دروستکراوی ناو دەوڵەتێك نییە و بوون و نەبوونی نەبەستراوەتەوە بە دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە. ئەمەش هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کورد لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا نەبووە بە خاوەنی دەوڵەت، بە پێچەوانەوە کورد بۆ ئەوەی لە نەتەوەیەکی میللییەوە نەبێت بە نەتەوەیەکی دروستکراوی دەستی نەتەوەخوازێك قبووڵی ئەوەی نەکردووە دەوڵەتی هەبێت. لێرەوە جەخت لەسەر گرنگیی تێگەیشتن لەو سیستمە دەکاتەوە کە لە ناو سروشتی کۆمەڵگەی کوردیدا حوکمی پەرەسەندنی زمان و کولتوورەکەی دەکات (مستەفا، ٢٠١١: ٦١١). ئەو ئاماژە بە تایبەتبوونی کورد دەکات، نەتەوەیەك کە لە هیچ بوونەوەرێکی ناچێت و نایەوێت لەناو سیستمی باودا بێت و خۆی بەدەستەوە بدات.

ئەوەی لە تیۆرەکەی ئەودا جێی گرنگییە، بابەتی سوبێکتبوونە. نەتەوەی کورد لەو تیۆرەدا وەك بکەر، خاوەن ویست و بڕیارە. نەتەوەیەك کە نە دەیەوێت نەتەوەسازەکان دروستی بکەن، نە بەرهەمی مۆدێرنەیە. بەڵکو مەرج نییە هەر دروست ببێت. دەبێت بەو تایبەتبوونەی خۆی کە جیاوازییەکانییەتی بمێنێتەوە و درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. هەرچەندە پێداگری ئەم تێزە لەسەر زمان، ڕەنگە ڕووبەڕووی ئالەنگاریی بکاتەوە. بەڵام مستەفا بە پشتبەستن بە هەندێك چەمکی سەرەکیی نێو ئەدەبیاتی مۆدێرنێتە و مۆدێرنیزەیشن، بابەتی نەریت و هوشیاریی نەتەوەکان لەو ژیانەی کە پێیی دەژین و دایان هێناوە، نەك وەریانگرتبێت، بە خاڵی جیاوازی نێوان نەتەوە زیندووەکان و نازیندووەکان دەزانێت. با بە نموونەیەك ڕوونی بکەینەوە کە مەبەستی مستەفا لە تایبەتبوونی کورد چییە. دەوڵەتی نەتەوەیی لەوکاتەوەی کە ساز بووە، بوونی زمانێکی ستاندارد بە یەکێك لە پێشمەرج و ڕەگەزەکانی نەتەوەسازی دەزانێت. هەروەها بە پرۆسەی بەمۆدێرنکردنی زمان. بەڵام لە ڕوانگەی عیرفان مستەفاوە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان تەواو دژی

مۆدێرنێتەیە. چونکە دواجار دەیەوێت زمانی خۆی و نەریتەکانی خۆی بەسەر دەرەوەی خۆیدا بسەپێنێت. لەو ڕوانگەیەوە کە هەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بە ئەستەم دەزانێت و بەنیشانەیەکی دەستەمۆنەبوونی زمان و کولتووری کوردی، باوەڕی بە تایبەتبوونی کورد و دۆخی بەهێزتر دەکات.

هەڵبەت ڕەنگە ئایدیای تایبەتبوون، خاڵێکی لێکچوونی بۆچوونەکانی جەمال نەبەز و عیرفان مستەفا پێك دەهێنێت، نەبەز تایبەتبوونەکە لەوەدا دەبینێتەوە کە پێیوایە کوردایەتی نە ڕۆژهەڵاتییە و نە ڕۆژئاوایی، بەڵکو ئایدیایەکی ڕەسەنی کوردییە و ئامانجی ناسیۆنالیزمی کوردی خواستی دەوڵەتی نەتەوەییە لە جیاتی دەوڵەتی سەرزەمینی و وەك فەکتێکی ئاشکرای مێژوویی و خودیی کۆمەڵگەی کوردی (ولی، ٢٠١٩: ١١١).

ئەم تێزە نوێیە دەکرێت وردەوردە شوێنپێی ڕوانگەکانیتر لەق بکات یان لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ و زیاتر خۆی بسەلمێنێت.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دەکرێت ڕوانگەی دیکەش بۆ ڕەگوڕیشەی کورد خرابنەڕوو. بەڵام پەرژانەسەر هەموویان لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکدا ئەستەمە.

## دەرەنجام

لەم توێژینەوە نێوانبوارییەدا، سەرنجمان لەسەر تیۆر و ڕوانگە سەرەکییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بەگشتی چڕکردەوە. بەئامانجی ئەوەیکە بزانین توێژینەوەکان سەبارەت بە کورد و ناسیۆنالیزمی کورد چۆن پۆلێنبەندی دەکرێن. لەبەرئەوەی تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم زیاتر دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، بۆیە لەسەر بۆچوونی کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی سەبارەت بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە لایەك و سێ ڕوانگەی سەرەکی تێگەیشتن لە چەمکەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ڕاوەستاین. ئەگەر بۆچوونی توێژەرانی توێژینەوەکە کەمتر دەبینرێت، لەبەرئەوەیە کە توێژینەوەکە تیۆرییە و زیاتر ڕوونکردنەوەی تیۆر و ڕوانگە سەرەکییەکان بە پێویست زانراوە. کلاسیکەکانی کۆمەڵناسی، زیاتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەمکگەلێکی وەك هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی ئەخلاقی، هاوڵاتیبوون، ئەقڵانیبوونی ڕۆژئاوا و نەتەوە وەك سەرخان دەڕواننە نەتەوە قسەیان لەسەر نەتەوە و دەوڵەت کردووە. هەرچەندە لە کاتی ئێستادا ئەستەمە بتوانرێت بۆچوونەکانیان بۆ تیۆریزەکردنی دۆخی کورد و ناسیۆنالیزمیی کوردیی پڕبەپێست بێت، بەڵام وەك چۆن تیۆریستە هاوچەرخانی بوارەکە میراتگری ئەو کلاسیکانەی کۆمەڵناسین و بۆ ئێمەش گەڕانەوە تیۆرەکانیان، تێگەیشتنی قووڵ لە ڕەهەندەکانی بوارەکە ئاسانتر دەکات.

بەگوێرەی خوێندنەوەی ئێمە، ئاساییە کە تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی کورد وەك تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم بەگشتی ئاڵۆز و ئەستەم بنوێنێت. ئەو ڕاجیاییەی کە لە نێو توێژەرانی کورددا سەبارەت بە ڕەگوڕیشە و ناسیۆنالیزمی کورد هەیە، بەهەمان شێوە ڕاجیایی لە نێو تیۆریستەکانی ڕۆژئاواش هەیە. توێژەرانی بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کورد بەگوێرەی سێ ڕوانگەی سەرەکی دابەش بوون. هەندێك بۆ تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەی کورد ئەزەلیگەرایانە دەڕوانن. هەندێك سازکراوەگەرایانە و کەمینەیەك ئێتنیکگەرایانە. هەڵبژاردنی ڕوانگەکانیش لە لایەن توێژەر و تیۆریستەکانەوە لە ژێر کاریگەری هەلومەرج و قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژووی کۆن و هاوچەرخی کورددا بووە. بۆ نموونە ئەوانەی ئەزەلیگەرایانە دەڕوانن، گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆنی کورد وەك قەڵغانێك بەرامبەر بە مێژوونووسانی نەتەوەکانیتر بەکاردەهێنن کە مێژووی خۆیان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگێڕنەوە. هەرچی ئەوانەی کە باوەڕیان بە مۆدێرنبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم هەیە، بە گەڕانەوە بۆ نیشتیمانپەروەر و ناسیۆنالیستەکانی کورد و لە ژێر کاریگەری دیاردەکانی مۆدێرنێتە و سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ نەتەوە نوێیەکاندا دەیانەوێت پۆتێنشەڵی نەتەوەیی کورد بۆ هەبوونی دەوڵەت بسەلمێنن، بۆیە بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد پەنا بۆ ئەدەبیاتی نەتەوەیی کورد لە سەدەی شانزە و حەڤدە دەبەن.

لە لایەکیتر هەوڵی داگیرکەرانی کوردستان و ڕۆڵی مێژوونووسانیان بۆ پەراوێزخستنی کورد، مێژووەکەی و پرۆسەی نەتەوەسازی دەوڵەت ـ نەتەوەکانیانیان (فارس، تورك و عەرەب)، ناسیۆنالیستەکانی کوردی بەرەو خۆپێناسەکردنەوە و ناسنامەی هاوبەشی کوردیی پەلکێش کردووە. هەروەها دابەشکردنی کوردستان لەژێر کاریگەریی کۆلۆنیالیزم و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، ململانێ، خەبات و شۆڕشە یەکلەدوای یەکەکانی، کوردەکانی خستووەتە دۆخێکەوە کە بیر لە سازکردن و سەربەخۆیی دەوڵەت و جیابوونەوە بکەنەوە. ئەمە جگە لەو توێژەرانەی کە لە ژێر کاریگەری مۆدێرنیستەکانی وەك گێلنەر و ئیتنۆسیمبولیزمی دی سمێسدا، وەك نێوەنجیی لە نێوان دوو ڕوانگەکەی پێشوو، گرنگی گەڕانەوە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی، سیمبولەکان و یادەوەرییەکان بە چارەسەر دەزانن. ڕوانینی چوارەمیش بە چڕکردنەوەی سەرنجی لەسەر زمان و کولتوور، دەیەوێت سێ ڕوانینەکەی دیکە ڕووبەڕووی ئالەنگاریی بکاتەوە و تێزی تایبەت و دەگمەنبوونی کورد و بوونی نەتەوەیی کورد دەخاتەڕوو و لە دەیەوێت لە دژیەکییەکانی مۆدێرنێتەوە پارادایمێکی نوێ بخاتەڕوو.

ماوەتەوە بڵێین ئەم سێ ڕوانگە سەرەکییەکەی کە بە وردی شەنوکەومان کردن، لە کایەی ئەکادیمی و ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزمدا بەگشتی بە پارادایم ناوزەد دەکرێن. بەڵام لە نێو توێژینەوە کوردییەکاندا ئەم پۆلێنکردنە تەمومژاوییە، بیچمی نەگرتووە و ڕەنگە ئاسان نەبێت بتوانین بە پارادایم هەژماریان بکەین.

## سەرچاوەکان

پیتر کێڤیستۆ (٢٠٢٢) هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، سلێمانی، چاپخانەی پاندا، چاپی دووەم.

جەعفەرعەلی (٢٠١٣) ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی، چاپخانە، ڕۆژهەڵات ـ هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١٣.

جەمال نەبەز (١٩٨٥) دۆزی ناسیۆنالی کورد، ئۆتۆنۆمی یا کوردستانێکی سەربەخۆ یا بڕیاری چارەنووس لە ئازادی دا و بۆ ئازادی، ستۆکهۆلم، بنکەی چاپەمەنی ئازاد.

جەمال نەبەز(١٩٨٤) بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری"قەومییەت"ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژئاوایی یە، ستۆکهۆلم.

جەمال نەبەز(٢٠.٢) ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، هەولێر، چاپی دووەم، کتێبفرۆشی سۆران ـ هەولێر.

ڕەفیق سابیر(٢٠٠٣) کولتوور و ناسیۆنالیزم، سلێمانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

سۆران حەمەڕەش (٢٠١٣) کورد کێیە؟ مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرتای شارستانییەتەوە هەتاوەکو سەدەی دەیەمی زایینی، لەندەن، چاپخانە yps-publishing

عیرفان مستەفا (٢٠١١) بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا، کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم.

عەبدولرەحمان قاسملوو (٢٠١٢) کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عبداللە حسن زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر، چاپی شەشەم.

عەتا قەرەداغی (٢٠٠٧) گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، بەرگی یەکەم.

لویس کۆزەر(٢٠٢٠) ژیان و هزری گەورە کۆمەڵناسان؛ جۆرج زیمێل، ماکس ڤێبەر، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، بەرگی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی پاندا.

لویس کۆزەر(٢٠٢٠) ژیان و هزری گەورە کۆمەڵناسان؛ هربرت سبنسەر، ئێمیل درۆکایم، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، بەرگی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی پاندا.

هیوا عەزیز سەعید (٢٠٠٣) ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی، ن، ك).

هەورامان فەریق کەریم و موراد حەکیم (٢٠١٧) سیاسەت و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی چاکسازی و گۆڕانی سیاسی، https://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp286-294

ارنست رنان و دیگران (٢٠١١) ملت، حس ملی، ناسیونالیسم، ترجمەی عبدالوهاب احمدی، تهران، آگە، چاپ یکم.

ارنست گلنر (٢٠٠٩) ناسیونالیسم، ترجمەی سید محمدعلی تقوی، تهران، چاپ اول، نشر مرکز.

ارنست گلنر. (١٤٠٠) ملت ها و ملی گرایی، ترجمەی ابوالفضل مینویی فر، تهران، گام نو، چاپ اول.

ارو لونە، (٢٠١٢)، مارکسیسم، ترجمە فریبرز مجیدی، دائرە العارف ناسیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم، صص٧٣١-٧٥١.

اریك جی. هابسبام (٢٠٢١) ملت ها و ناسیونالیسم، پس از ١٧٨٠، برنام، افسانە، واقعیت، ترجمە مهدی صابری، تهران، چاپ اول.

امیل دورکم (٢٠١٢) درسهای جامعەشناسی، فیزیك اخلاقیان و حقوق، ترجمە سید جمال الدین موسوی، تهران، نشرنی .

امیل دورکیم (١٣٨٤) صور بنیانی حیات دینی، ترجمە باقر پرهام، تهران، نشر مرکز، چاپ دوم.

امیل دورکیم (٢٠١١) دربارەی تقسیم کار اجتماعی، ترجمە باقر پرهام، ویراست دوم، نشر مرکز، تهران، چاپ چهارم.

آنتونی دی اسمیت (٢٠١٢) ناسیونالیسم و مدرنیسم، بررسی انتقادی نظریەهای متاخیر ملت و ملی گرایی، ترجمە کاظم فیروزمند، نشر ثالث، چاپ اول.

آنتونی گیدنز (٢٠٠٦) درآمدی انتقادی بر جامعەشناسی، ترجمە لیلا پیروزمند، تهران، انتشارات فردوس، چاپ اول، ١٣٨٥.

آنتونیو گرامشی (٢٠٠٩) دولت و جامعە مدنی، ترجمە عباس میلانی، تهران، نشر اختران، چاپ سوم.

اندرو وینسنت (٢٠٠٨) ایدئولوژی های مدرن سیاسی، ترجمەی مرتضی ثاقب فر، تهران، انتشارات ققنوس، چاپ دوم.

اندرو وینسنت (٢٠١٢) نظریەی سیاسی، ترجمە پری مختاری، دائرە العارف ناسیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم.

اوموت اوزکریملی (٢٠٠٤) گفتمانها و مباحثات مربرط بە ناسیونالیسم، تهران، انتشارات تمدن ایرانی، چاپ اول.

بندیکت آندرسن (٢٠١٤) جماعت های تصوری، ترجمەی محمد محمدی، تهران، رخداد نو، چاپ اول.

پی یر رنوون، (١٣٩٠) ناسیونالیسم و ناسیونالیسم ها، ملت، حس ملی، ناسیونالیسم، ارنست رنان و دیگران، ترجمەی عبدالوهاب احمدی، تهران، آگە.

تیم دیلینی (٢٠١٢) نظریەهای کلاسیك جامعەشناسی، ترجمە بهرنگ صدیقی/ وحید طلوعی، تهران، نشرنی، چاپ ششم.

دیوید بیتهام (٢٠١٣) ماکس وبر و نظریە سیاست مدرن، ترجمە هادی نوری، تهران، انتشارات ققنوس، چاپ اول.

راینهارد بندیکس (٢٠٠٩) سیمای فکری ماکس وبر، ترجمە محمود رامبد، انتشارات هرمس، تهران.

عباس ولی (٢٠٠٩) گفتارهایی در خاستگاه ناسیۆنالیسم کرد؛ گردآورندە عباس ولی، گروە نویسندگان، چاپ دوم، تهران.

عباس ولی (٢٠١٩) تبارشناسی کردها؛ برساخت ملت و هویت ملی در نوشتەهای تاریخی کرد، گفتارهایی در خاستگاه ناسیۆنالیسم کرد؛ گردآورندە عباس ولی، گروە نویسندگان، چاپ دوم، تهران.

فرانك پارکین (٢٠١٠) ماکس وبر، ترجمە شهناز مسمی پرست، تهران، انتشاران ققنوس، چاپ دوم.

الکسندر ماتین (٢٠٠٤) دائرة المعارف ناسیونالیسم، زیرنظر ، جلد اول، دوم، سوم، تهران، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجە.

کیت نش (٢٠٠٩) جامعەشناسی سیاسی معاصر؛ جهانی شدن، سیاست، قدرت، ترجمە محمدتقی دلفروز، تهران، انتشارات کویر، چاپ هفتم.

لشك کولاکوفسکی (٢٠٠٦) جریان های اصلی در مارکسیسم؛ برآمدن، گسترش و فروپاشی، مترجم عباس میلانی، تهران، انتشاران آگاه، جلد دوم.

مارتین وان بروئینسن (٢٠١٩) مم و زین احمد خانی و نقش آن در بیداری ملی کرد، گردآورندەو عباس ولی، گفتارهایی در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، ترجمە مراد روحی، تهران، نشرچشمە، چاپ دوم.

ماکس وبر (٢٠١٠) دین، قدرت، جامعە، ترجمە احمد تدین، انتشارات هرمس، تهران، چاپ چهارم.

مایکل لوکاچ (٢٠٠٤) سازمان های فراملی، دائرة المعارف ناسیونالیسم، زیرنظر الکسندر ماتین، جلد دوم، مفاهیم اساسی (د-ی)، ترجمه فریدون مجلسی، تهران، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه.

واسیلی نیکیتین، (١٣٦٦) کرد و کردستان، ترجمه محمد قاضی، تهران، انتشارات نیلوفر، چاپ دوم.

واکر کانر (٢٧٢١) ملت، ملت است؛ آیا دولت، ملت است؟ گروههای اتنیکی چطور، ترجمه : خوشناو قاضی، تیشك، ژماره٦١، سالی بیست و سێهەم.

Ernest, G. (1983). Nations and nationalism, Cornell University Press.

Hassanpour, A. (1994) the Kurdish Experience, Middle East Research and Information Project (MERIP).

Jennifer Mergy, “Teamwork across disciplines: Durkheimian sociology and the study of nations”, Revue européenne des sciences sociales [Online], XLII-129 | 2004, Online since 01 March 2004.

John Breuilly, Nationalism and the State, (1993), Manchester University press, Second Edition.

Karl Marx and Friedrich Engels, (2018), The Communist Manifesto, republished by Global Grey.

Malešević, Siniša (2004), the Sociology of Ethnicity. London: SAGE Publications Ltd.

Marshall Berman, All which is solid melts into air; the experience of Modernity, First published in the United States of America by Simon & Schuster, Inc., 1982.

Max Weber, From Max Weber: Essays in sociology, Gerth, Hans Heinrich, 1908-; Mills, C. Wright (Charles Wright), 1916-1962, London: Routledge and Kegan Paul, 1948.

Mylonas, H., & Tudor, M. (2021). Nationalism: what we know and what we still need to know. Annual Review of Political Science, 24, 109-132 .

Smith, A. D. (1989). The origins of nations. Ethnic and racial studies, 12(3), 340-367 .

Smith, A. D. (2013). Nationalism, Theory, Ideology, History, Second Edition, Polity Press .

V.L. Lenin, Collected Works, Volume 26, (1917-1918), Translated by Yory Sdobnikov and George Hannah, third publishing, Moscow(1977).

Van Bruinessen: Transnational Aspects of the Kurdish Question, Printed in Italy; European University Institute Badia Fiesolana Italy, 2000, p.3.

Walker Connor, When is a nation?, Ethnic and Racial Studies, (1990), 13:1, 92-103.